لەبلاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# ئایا دروستە موسوڵمانان بەخۆیان بڵێن سەلەفین؟

ئامادەکردنی

عبدالوالی عبدالرحیم علی

پێداچونەوەی

م.عبدالکریم محمد قادر

(پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی)

چاپی دووەم

1428هـ - 2007ز

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی چاپی یەکەم :

إن الحمد لله نحمده و نستعنه و نستغفره و نعوذ بالله من شرور أنفسنا و من سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، و من يضلل فلا هادي له

وأشهد أن لاإله إلاالله وحده لا شريك له

و أشهد أن محمداً عبده و رسوله .

**{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ }[1] .**

**{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا**

---

[1]- ال عمران :102

**وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا}[2] .**

**{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا }[3] .**

أما بعد:

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدى محمد(ﷺ) و شر الأمور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة فى النار .

**سوپاس و ستایشی خوای میهرەبان دەکەم کە ئاسانکاری بۆ کردم هەتا جارێکی تر کۆمەڵێك بابەتی گرنگی پەیوەست بە باسی سەلەفیەت، کۆبکەمەوە و**

---

[2]- النساء:1

[3]- الأحزاب :71-72

وەری بگێڕم بۆ سەر زوبانی کوردی بەئومێدی ئەوەی کە زیاتر ببێتە مایەی سود بەخشین بە خوێنەری موسوڵمانی ئازیز، وە داواکارم لە خوای گەورە خێرو چاکەی دین و دونیا بڕژێنێت بەسەر ئەو برایانەی کە یارمەتیان دام لە بەچاپ گەیاندنیدا.

خوێنەری بەڕێز لەم نامیلکەیەدا هەڵساوم بەدابەش کردنی بابەتەکانی بەسەر چوار بەش دا ( پێناسەیەك بۆ ناسینی زاراوەی سەلەفیەت ، فەتوای زانایانی هاوچەرخ دەربارەی مەنهەجی سەلەفی ، چەند هەڵوێستێکی سەلەفیانە، دەرئەنجام). وەهەوڵم داوە کە هەر ووشەیەکی تاڕادەیەك نامۆ لە ناو نامیلکەکەدا ڕوون بکەمەوە بەسوود وەرگرتن لە کۆمەڵێك سەرچاوە . وە هەر ئایەت و فەرموودەیەك کە لە

بابەتەکاندا هاتووە ، ژمارەی دراوەتێ بەپێی هەبوونی لە قورئان و کتێبەکانی سوننەدا .

خوێنەری خۆشەویست : مەنهەجی سەلەفی مەنهەجێکی ڕاست و ڕەوانە و دوورە لە هەموو شیرك و بیدعە و خورافەت و حزبایەتی یەك ، وە نووسین و باسکردنی ئەم مەنهەجە چەندەها کتێب و نووسەری بەتوانای دەوێت ، بەلاّم ئەم کارەی ئێمە ، کورتە و پوختەیەکی کەمە وەکو ناساندنێکی سەرەتای بەو ڕێبازە بەرزو پیرۆزە هیوام وایە لەکەم و کوڕی یەکانم ببورن لە وەرگێڕانی دا و بەچاوێکی دادپەروەرانەوە سەیری بکەن و هەڵی بسەنگێنن ( کەس بێبەش نییە لە کەم و کوڕی تەنها خوای گەورە نەبێت) ڕاستە ڕێبازی سەلەفیەت ڕێبازێکی ڕاست و حەقە ، بەلاّم دۆزینەوەی و پەیڕەوکردنی کارێکی هەروا ئاسان نییە

، بەهۆی زۆری ئەو لایەن و تاقمانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە زۆری ئەو هەموو گروپ و لایەنانەی لە کۆن و ئێستادا دژایەتی دەکەن . هەر بۆیە دەبینین و دەبیستین خەڵکانێك هەڵدەسن بە ڕاگەیاندنی گروپێك و بانگەشەی سەلەفیەتیش دەکەن ، تەنها بۆ فریودانی خەڵکی و کۆکردنەوەی ئەندام لەخۆیان . بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێك هەن کە لەسەر ئەو ڕێباز و دینە حەقەن ، هەتا ڕۆژی دوای هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی پێ کردووە ، هەڵدەسن بە ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت مەنهەجی سەلەفی بشێوێنن لەژێر هەر ناو پەردەیەکدا بێت .

هەربۆیە پێویستە لەسەرمان وەکو موسوڵمان،هەوڵ بدەین کە زیاتر خۆمان شارەزا بکەین لە ئاینی ئیسلام و ناسینی ڕێگای پێشین ، هەتا دووربین لە هەموو فیتنەو ئاژاوەیەك .

خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە نابێت مەنهەجێکی گەورە و بەڕێزی ئاوا ناشیرین و تاوانبار بکرێت بەهەڵسوکەوتی هەندێك لەوانەی بەسەلەفی ناسراون ، چونکە دەگونجێ هەندێك لەوانەی بانگەشە بۆ ئەو ڕێبازە دەکەن نەزان بن یاخود کەسانێکی حزبی بن لە بەرگی سەلەفی‌دا ، یان کەسانێکی ڕق ئەستور و داخ لەدڵ بن دەرباری سەلەفی‌یەکان ، هەربۆیە ستەمە حوکم دان بەسەر سەلەفی‌یەکاندا بەهۆی خراپ حاڵی بوون و قسەی دوژمنەکانی‌یەوە ، بەوەی کە توندڕەو توندوتیژن ، بەڵکو پێویستە لەکاتی باس کردنی

هەربابەتێکدا بەهەبوونی زانست و زانیاری قسە بکەین، تا نەکەوینە بەر هەڕەشەی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .

لەکۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ هەموو قسەو کارێکی خێر ، وەبمان کات بەخزمەت کاری ئاینی ئیسلام و سەرخەری دینەکەی ، وە هەموو موسوڵمانانی شوێن کەوتوی قورئان و سوننەت سەربەرز و سەرفراز بکات و لە گوناهی زانایانی ئەم ئوممەتە خۆش بێت و بەتایبەت (إبن تيمية و إبن القيم و محمد بن عبدالوهاب و إبن باز و الالباني و إبن عثيمين و مقبل ... وە باقی زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە) وە ئەوانەش کە لە ژیاندان تەمەن درێژ بکات لەسەر کردەوەی چاك . إنه ولي ذلك والقادر عليه .

وصلی الله علی محمد و علی اله وصحبه أجمعین

**نوسینی پێشەکی: عبدالوالی عبدالرحیم علی**

23\ذي الحجة \1426هجري . 23\1\2006 میلادي. الإثنین

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی چاپی دووەم :

الحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله.

خوێنەری ئازیز ئەمەی کە لە بەردەست دایە چاپی دووەمی ئەم نووسینە کە پێك هاتووە لە کۆکردنەوەی چەند بابەتێك و ڕێك خستنی و پاشان وەرگێڕانی بۆ سەر زوبانی کوردی بە هیوای ئەوەی کە ناساندنێکی سەرەتای بێت بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە دەیانەوێت ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە و هەڵی بژێرن و لە ژێر تیشکی پرشنگداری قورئان و سوننەتدا ژیان ببەنە سەر ،

هەروەها بۆ ئەوەی هەموو لایەك بزانێت كە ڕێبازی سەلەفیەت ڕێبازێكی تازە و دیاردەیەكی نامۆ و مەزهەبێكی نویٚ و حزبێكی ئیسلامی و ماوەیەكی كاتی نی یە هەروەك دوژمنانی باسی دەكەن و قسەی دەربارە دەكەن بەو پەڕی ناعەدالەتی و دوور لە بەها بەرز و پیرۆزەكانی ئاینی ئیسلام لە ڕوانگەی ڕەنگدانەوەی لە هەڵسوكەوتی موسوڵماندا.

خوێنەری خۆشەویست ئەم نامیلكەیە چاپی یەكەمی كەبە ناونیشانی ( ڕوونكردنەوەی پێویست بۆ خەلەف بەدروستێتی لایەنگیری بۆ سەلەف ) بە باشمان زانی كە ناوەكەی بگۆڕین بۆ ( ئایا دروستە موسوڵمانان بە خۆیان بڵێن سەلەفین ) لە بەرئەوەی ئەو ناونیشانەی چاپی یەكەم تا ڕادەیەك تیٚ گەیشتنی ئاسان نی یە و هەروەها ووشەی ( لایەنگیری ) تێدا بەكارهاتووە كە

ئەم ووشەیە هەندێك بە هەڵە لێ ی تێ گەیشتوون و وا دەزانن کە ڕێبازی سەلەفیەتیش حزبایەتی و دەمارگیریە چونکە بە ووشەی لایەنگیری تەعبیرمان لێ کردووە، هەربۆئەوەی ئەم گومانە بڕەوێنینەوە و ناوێکی باشتر و ئاسان بدۆزینەوە بۆی کە ئەویش (ئایا دروستە موسوڵمانان بەخۆیان بڵێن سەلەفین ) هەروەها هەستاوم بە دەستکاری کردنی هەندێك هەڵە و کوم و کورتی لە ناوەڕۆکی باسەکەدا بۆ زیاتر تێگەیشتن لە باسەکە .

خوای گەورە پاداشتی ئەو برایانە بداتەوە کە بە ئامۆژگاری خێر و ڕەخنەی دروستکەر یارمەتیان دام بۆ زیاتر سوربوون لەسەر چاپی دووەمی ئەم نامیلکەیە . لە کۆتای دا داواکارم لە خوای گەورە و میهرەبان نیەتمان پاك بکاتەوە لە سومعە و ڕیا و

شیرك و خوڕافەت و كردەوەكانمان دوور بكات لە هەموو بیدعە و زیادكردنێك لە دین وە كۆتایمان بە خێر بگێڕێت و هەموو لایەكمان تووشی خێر و چاكە بكات و لەسەر سوننەت بمان ژێنێت و هەر لەسەر سوننەتیش بمان مرێنێت ، ڕەحمەتی خواش لەو كەسە بێت كە عەیبەكانمان وەكو دیاری یەك پێش كەش دەكات .

وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه أجمعين وعلى من اتبعهم باحسان إلى يوم الدين وعلى من رضي باتباع السلف و أعرض عن الخلف .

ذي القعدة \ 1427ك

2006-11-20ز

## پێناسەیەك بۆ ناسینی زاراوەی سەلەفیەت

لە ڕاستیدا خۆدانە پاڵ پێشین(السلف) شانازییەکی گەورەیە بەڵکو هیچ شتێك نییە بەقەد ئەو شانازی یە گەورە و بەڕێز بێت . چونکە ووشەی سەلەفیەت یان سەلەفی لەلای زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە بە ستایش و ڕێزەوە باس دەکرێت و جێگەی ڕێزوسەربەرزییە .

وەسەلەفیەت تاکە ڕێگەی شەرعی ڕەسەنە کە هاو واتای ووشەی (**ئـــەهلی سوننـــەو جەماعە**)[4]

---

[4] – **ئەهلی سوننەو جەماعـە**: ئـەم ووشـەیە لـە دوو بڕگـە پێـك هـاتووە (ئەهلی‌ـسوننەت) ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە شـوێن کـەوتوی قوڕئـان و فەرموودەن ، (جەماعە) ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە کە هـەموویان یـەك کۆمەڵن و کۆبونوتەوە لەسـەر ئـەو سـوننەتە و پارچـە پارچـە نـەبوون ، کەواتە ئەوانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵ بوون و برایەتیان لەسـەر سـوننەتەو هەرئەوەش کۆی کردوونەتەوە .

و(**ئەهلی الأثر**)[5] و(**ئەهلی فەرمووده ناسان**)[6] و (**تاقمی ڕزگار بوان**)[7] و

---

[5] – **ئەهلی ( الأثر )** : ئەوانەن كە شوێن كەوتووی قورئان و سوننەتن بەتێگەیشتنی پێشینی چاك .

[6] – **ئەهلی فەرمووده ناسان ( المحدثین )** : ئەوانەن كە ژیانیان تەرخان كردووە بۆ خزمەتی فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) وە پاراستویانە و جیل لە دوای جیل گەیاندوویانە و هەرچی فەرموودەی ( **ضعیف و موضوع** ) و قسەی هەڵبەستراو هەیە لە فەرموودە صەحیحەكانیان جیاكردووەتەوە ، هەتا ئوممەتی ئیسلام لەسەر زانستێكی ڕاست و دروست خواپەرستی بكات و ئاینەكەیان پارێزراو بێت لە تێكەڵ بوونی بە بیدعەو خورافەت و هاوەڵ پەیداكردن ، وە لە دیارترین پێشەوایانی ئەم مەیدانە : (هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و شوێن كەوتوانیان بەچاكە وەك { بوخاری و موسلیم و إمام أحمد و أبی زرعە و إسحاق بن راهویە و خاوەنی كتێبەكانی فەرمووده بەگشتی} ).

[7] – **تاقمی ڕزگار بوان ( الفرقة الناجیة )** : مەبەست پێی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە ( ﷺ ) كە دەفەرمووێت : {**ستفترق هذه**

(**کۆمەڵی سەرفرازان**)[8] و

(**شوێن کەوتوانی قورئان و فەرموودە**) یە .

وە ئەو پێشینە چاکەی کە سەلەفیەکان شانازییان پێوە دەکەن بریتین لە میرات گرانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆچ کردووان و پشتیوانان ( **المهاجرين و الأنصار** ) وە شوێن کەوتوانی ئەوان بەڕاستی و هەروەها پێشەوایانی ئاینی ئیسلام و ڕێی ڕاست ، وە کەسی سەلەفیش ئەو کەسەیە کە ڕازی دەبێت بەم

---

**الأمة** ...**الحديث** } ڕزگاری بووە لە پارچە پارچە بوون و جیاوازی و بە ویستی خوای گەورەش ڕزگاری دەبێت لە ئاگری دۆزەخ .

[8] – **کۆمەڵی سەرفرازان** (**الطائفة المنصورة** ) : مەبەست پێی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرمووێت : (لاتزال طائفة من أمتي ظاهرين ...الحديث) سەرکەوتووە چونکە بە ڕوون و ئاشکرای لەسەرحەقن و جێگیرن لەسەری ، وە خوای گەورە خۆی ئەیان پارێزێ و سەرپەرشتیان دەکات .

میراتە و هەوڵی شتی تر نادات و پەیوەست ئەبێت بە قورئان و سوننەتەوە بەتێگەیشتنی زانایانی پێشەوا لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و پێشەوایانی دوای ئەوانیش ، ئەگەر کەسێك ئەمە مەنهەجی بوو ئەوا پیێ دەوترێ سەلەفی[9] .

لەڕوانگەی زمانەوانیيەوە : **إبن منظور** دەڵێت:{پێشینە ئەوانەن کە پێش تۆ ژیاون لە باو باپیران و خزمان کە لەسەرو تۆوەن لە تەمەن و ڕێزدا بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ کچەکەی (**فاطمة الزهراء** ) (خوا لێی ڕازی بێت): {**فإنه نعم السلف أنا لك** }[10] .

9 – تبصير الخلف بشرعية الإنتساب إلى السلف .

10– رواه مسلم (2450) في كتاب فضائيل الصحابة .

واتە: بەڕاستی چاکترین پێشینەیەك بۆ تۆ منم یاخود بەڕاستی من چاکترین پێشینەم بۆ تۆ.

لەڕوانگەی شەرعەوە : **قلشاني** دەڵێت: {پێشینەی چاك (السلف الصالح) بریتین لە سەدەی یەکەم ، ئەوانەن کە قووڵ بونەتەوە لە زانستی شەرعیدا ، ئەوانەن کە هیدایەت دراون بەڕێنمونی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە پارێزگاریان کردووە لە سوننەت و لەسەری بەردەوام بوون ، وە خوای گەورە هەڵی بژاردوون بۆ بەڕێوەبردنی ئاینی ئیسلام . ڕازی بووە لێیان و کردوونی بە پێشەوا بۆ گەلانی موسوڵمان ، وە تێکۆشاون لە پێناوی خوای گەورەدا بەڕاستی ، وە خۆیان تەرخان کرد بۆ ئامۆژگاری ئوممەت و سوود گەیاندن پێیان وەخۆیان بەخت کرد لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: {وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ

وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ }[11] **(والسابقون الأولون)** ئەوانەن کە پێش ئەم ئوومەتە کەوتن وە دەست پێش خەریان کردووە لە ئیمان هێنان و کۆچ کردن لەبەر خوا بۆ مەدینە، هەروەها تێکۆشاون و بەردەوام لەسەر ئەو ئاینە بوون کە خوای گەورە ناردوویەتی‌یە خوارەوە کە ئاینی ئیسلامە، **(من المهاجرين)** کە دەرکران لە ناو ماڵ و سامانیان وە بەتەمای پاداشتی خوای گەورە بوون و ڕەزامەندی ئەویان دەویست وە مەبەستییان سەرخستنی دینی هەڵبژێراوی خواو پاشان پێغەمبەرەکەی بووە(ﷺ).

بەڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن،( **والأنصار**) وە لە پشتیوانان کە ئیمانیان هێنا و لە دڵ و دەروونییان و ماڵەکانیاندا

---

[11]- التوبة:100

جێگیربوو ، وە ئەو کۆچ کردوانەیان خۆش دەویست کە دەهاتن بۆ لایان وە پێش خۆیانیان دەخستن ئەگەر لە شتێکیشدا بوایە کە تایبەتی خۆیان بووایە . (**والذين إتبعوهم بإحسان**) ئەوانەش کە بەچاکی شوێن کەوتەی ئەوانن لە بیرو باوەڕ و گووتار و کردەوەدا چونکە ئەو پێشینە چاکە (کە هاوەڵانن ) لە هەموو زەم کردنیك ڕزگاریان بووە و ئەوپەڕی ستایش کراون و باشترین ڕێزیان لێ گیراوە لە لایەن خوای میهرەبانەوە. (**رضي الله عنهم**) خوای گەورە ڕازی بووە لێیان وە ئەوەش گەورەترین نیعمەتە لە بەهەشت دا ، (**ورضواعنه**) ئەوانیش بەو بەشە ڕازین کە خوا پێی بەخشیون[12]

[12] – ئەوەیە سەلەفیەت بیناسن .

کەواتە سەلەفیەت بریتی‌یە لە پەیڕەو کردنی ڕێبازی پێشینی چاك لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) (خوا لێیان ڕازی بێت ) ، وە سەدەی دوای ئەوان کە بە ( **تابعين** ) ناو دەبرێن و هەموو ئەوانەش کە شوێن کەوتویانن لە چوار پێشەوا بەڕێزەکە و زانایانی فەرموودەناس ( **أصحاب السنن**)[13] .

هەروەها هاو ڕێبازانیان لە سەردەمە جیاواز و یەك لەدوای یەکەکاندا بە وێنەی ( إبن تيميه و إبن القيم و

---

[13]- **زانایانی خاوەن کتێبی فەرموودەکان ( أصحاب السنن )** : بریتین لەو زانا پایە بەرزانەی کە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کۆکردووەتەوە و نوسیویانەتەوە لە کتێبدا،وە حوکمیان داوە بەسەر فەرموودەکاندا لە ڕووی (صحيح و ضعيف ) ، لەوانە : صحيح مسلم ، صحيح بخاري ، سنن إبن ماجه ترمذي ، أبي داود ، نسائي ، مسند إمام أحمد ، سلسلة الصحيحة والضعيفة ...هتد

صديق حسن خان و محمد بن عبدالوهاب[14] و محمد ناصرالدين الألباني و عبدالعزيز بن باز و محمد صالح العثيمين و مقبل بن هادي الوادعي...) (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) هەتا ڕۆژی دوای بەو مەرجەی هەستن بە جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە بریتیە لە باوەڕهێنان بە بیروباوەڕ و ڕێبازو ڕێگەیان[15] .

هەروەها سەلەفیەت گروپێکی حزبی تازەی داهێنراو یان تەریقەتێك یا مەزهەبێکی فیقهی تازەداهاتوو

[14] – هو الشيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب بن سليمان بن علي من بني تميم لەساڵی (1115)ی کۆچی لەشاری ( العيينه ) لەدایك بووە و لە ساڵی (1206)ی کۆچی وەفاتی کردووە (رحمه الله رحمة واسعة وأسكنه في فسيح جناته ) .

[15] – براءت السلفيه من الفتن و الحزبيه لشيخ عبدالوهاب بن الخير الأثري .

نیەیە،بەڵکو درێژبوونەوەیەکی سروشتی (**الإمتداد الطبيعي**) ئیسلامە و هەموو ئەو خەڵکە موسوڵمانە دەگرێتە خۆی کە لەسەر فیترەتی ئیسلامەتی ماون، هەربۆیە پێویستییان بەناو تۆمار کردن و هەویە و پێناس نیەیە و بەپێچەوانەی گروپە تازە لەدایك بووەکان کە کورت هەڵهاتون و لەسەر ئەندامانیان بەتەنها و خاوەنی پێناسی تایبەتن[16] .

## خۆدانە پاڵ ڕێبازی پێشین

( الإنتساب إلى مذهب السلف )

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت : {**عليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها**

---

16 – سەلەفیەت درێژبوونەوەیەکی سروشتیی ئیسلامی پێشینە نەك دینێکی تازەو گروپێکی حزبی .

**وعضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور...الحديث}** [17] .

واتە: پەیوەست بن بەو ڕێگەو بەرنامە ڕاستەی کەمنی لەسەرم ( کە بەسوننەت ناوی بردووە ) هەروەها بە سوننەتی ئەو جێنشینە هۆشیارو ژیرانەی کە لەسەر هەمان ڕێبازی منن ، وە لەدوای خۆم دێن، وە ئاگادارتان دەکەمەوە بەچاکی پەیوەست بن پێوەی و بەکاکیلەکانتان قەپاڵ بکەن بەو سوننەتەدا و بەری مەدەن وە ووریابن لە شتە داهێنراوەکان ( البدع ) ، پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەست بوون باس دەکات بەسوننەتەکەیەوە و باسی سوننەتی جێنشینەکان

---

[17]- رواه أبوداود (4607) و الترمذي(2676) و إبن ماجه (43,44) و إبن أبي عاصم في السنة (32,54,57) و قال الإمام الألباني في ( ضلال الجنة ) إسناده صحيح و صححه في الإرواء (2455) .

ناكات چونكە ئەگەر لە كارێك دا پێچەوانەی پێغەمبەریان (ﷺ) كرد لێیان وەرناگیرێ[18] .

**شێخ صالح آل الشيخ** ( خوای گەورە بیپارێزێت) دەفەرمووێت:{موسوڵمانان دوو جۆرن: سەلەفیەكان ، خەلەفیەكان ، ئەوانەی كە سەلەفین: شوێن كەوتوانی پێشینی چاكن. خەلەفیەكان: شوێن كەوتوانی خەڵكانێكن كە لەدوای سێ سەدە پڕ خێرەكە هاتوون، وە پێشیان دەوترێت (خەلەفیەكی بیدعەچی) لەبەر ئەوەی هەركەسێك ڕازی نەبێت بە شوێن كەوتنی سەلەفی صاڵح لە زانیاری و كردەوەو تێگەیشتنی، ئەوە خەلەفیەكی بیدعەچیە[19] .

---

[18] – ئەوەیە سەلەفیەت بیناسن .

[19]- معنى الإنتساب إلى السلف و السلفيه لشيخ صالح ال الشيخ.

**عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود**(خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرمووێت:{هەر کەسێك لە ئێوە دەیەوێت شوێن کەسێك بکەوێت لە کاروباری ئاینەکەیدا با شوێن هاوەڵانی محمد (ﷺ) بکەوێت، چونکە بەڕاستی لە ناو ئوممەتدا ئەوان لە هەمووان زیاتر دڵیان پارێزراو بووە لە خراپە و تاوان و خاوەن زانستی شەرعی بوون و زۆر کەم بەئەرك بوون لە هەڵسوکەوتیاندا ، بە تەواوەتی لەسەر ڕێی ڕاست بوون و چاکترین بارودۆخیان هەبووە لەڕووی ئیمانەوە ، قەومێك بوون خوای گەورە هەڵی بژاردن بۆ هاوڕێیەتی پێغەمبەرەکەی ( ﷺ ) و گەیاندنی ئاینی ئیسلام داواتان لێدەکەم کە هەوڵ و چاکەو باشەی ئەوانتان لەبەر چاودا بێت و پلەو پایەیان بزانن ، ڕێزیان لێبگرن ، شوێن ڕێباز و ڕچەی ئەوان بکەون وگوێ بیستی

ووتەکانیان بن ، چونکە کەسانێکی هیدایەت دراو بوون ، وە لەسەر ڕێیەکی ڕاست بوون}.

**زاراوەی ( سەلەف ) پێشینەی ئەم ئوممەتە ئاماژەیان پێ داوە**

بەڵگە لەسەر ئەم ناونیشانە فەرموودەکانی پێغەمبەرە ( ﷺ ) کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ووشەی (**سەلەفیەت**) گەڕانەوەیە بۆلای پێشین.وەك لە فەرموودەکەی (فاطمة الزهراء)دا ، پێشتر باسمان کرد[20] . هەروەها بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم ڕاستی یە :

❁ پێشەوا بوخاری لە کتێبی ( صحيح البخاري ) دا دەفەرمووێت:(باب ما كان السلف يدخرون في بيوتهم و أسفارهم من الطعام و اللحم و غيره) واتە:باسی ئەو

---

[20] – تبصير الخلف بشرعية الإنتساب إلى السلف .

شتانەی کە **پێشین** هەڵیان دەگرت لەناو ماڵەکانیان دا و لە کاتی سەفەریش دا بەوێنەی خواردن و گۆشت و پێداویستی تر.[21] وە پێشەوا بوخاری یەکێکە لە زانا بەڕێز و گەورەکانی ئەم ئوممەتە و یەکێکە لە پیاوانی هەڵکەوتوی مەیدانی سوننەت و کتێبەکەی کە ناوی (صحیح البخاری ) یە وە پوختەی شەش سەد هەزار فەرموودەیە ، لە دوای قورئان بە ڕاسترین کتێب دادانرێ و دووەم سەرچاوەی ئیسلامە ، وە خۆی یەکێکە لە پێشینی ئەم ئوممەتە و لە ساڵی (256ﻫ) کۆچی دوای کردووە ، وە لەناو کتێبەکەی ووشەی (سەلەفی) بەکارهێناوە کە ئەمە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەو دڵ نەخۆشانەی کە دەڵێن سەلەفی یەکان حزبێکی تازەن .

---

[21] – { صحيح البخاری (5\2068) }

❁ **پێشەوا إبن حجر**(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:(زُهري) دەربارەی ئێسقانی مردارەوە بوو بەوێنەی ئێسقانی فیل دەیفەرموو: گەشتم بە هەندێك لە زاناكانی **پێشین** ، قژیان پێ شانە دەكردوو بەڕۆنەكەی قژیان چەور دەكرد و بەلایانەوە ئاسای بوو[22] .

❁ **پێشەوا موسلیم**(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (محمدبن مبارك) دەگێڕێتەوە كە بیستویەتی لە (علی بن شقیق) كە گوێی لە(عبدلله بن مبارك) بووە ئەیفەرموو لە ناو خەڵكیدا واز لەو فەرموودانە بهێنن كە(عمر بن ثابت) ئەیگێڕێتـــــەوە چونكە ئەو جـــوێنی بە**پێشین** دەدا[23] . بەهەمان شێوە پێشەوا

22 – { فتح الباری (342\1) }

23-{ مقدمة صحيح مسلم ، ص :6 }

موسلیمیش یەکێکە لەو زانا بەڕێز و ناودارانەی کە خزمەتێکی زۆری بە ئیسلام و موسوڵمانان کردووە و ئەو دانراوەشی بە ناوی ( صحیح المسلم ) کە پوختەی سێ سەد هەزار فەرموودەیە و لە دوای ( صحیح البخاری ) بە ڕاسترین کتێب دادەنرێ بە بۆچونی زانایانی ئیسلام ، لەگەڵ ئەوەی ئەم پیاوە بەڕێزە لە ساڵی 291ھ کۆچی دوای کردووە ئەوەتا ووشەی (سەلەفی) نقلّ کردووە بۆمان ئەمەش مانای وایە زاراوەی سەلەفیەت تازە نی یە هەروەك خەڵکێکی بێ ئیش و نەزان و کۆلك دەیلێن ، زیاد لەوە محمد بن مبارك کە موسلیم باسی کردووە ساڵی 215 وەفاتی کردووە ، وە ابن مبارك لە ساڵی 181ھ کۆچی دوای کردووە کە ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم پیاوە

بەڕێزانە پێشینەی ئەم ئوممەتەن و بە اتباع تابعين دەژمێرێن .

❁ **پێشەوا ئەوزاعی** ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرمووێت : ( خۆت ڕابگرە لەسەر سوننەت و بەئارام بە لەسەری ، هەڵوێستت با وەکو هەڵوێستی **پێشین** وابێت و بەجۆرە بڵێ کە ئەوان ووتویانەو واز لەو شتانە بهێنە کە ئەوان وازیان لێ هێناوە و ڕێگەی **پێشین** چاك بگرە بەرو ئەوەی کە بۆ ئەوان بەس بووە ، بەسە بۆتۆش)[24] . هەروەها ئەم زانا بەڕێزەش ساڵی 157هـ وەفاتی کردووە وە یەکێکە لە زانایانی ناسراوی پێشینی ئەم ئوممەتە .

---

[24] – { الشريعة للاجري ، ص :58 }

## زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە موسوڵمان دروستە بڵێ من سەلەفیم

دەربارەی كۆڕا و یەك دەنگی زانایان لەسەر دروستێتی ئەم نیسبەتە بۆ پێشینی چاك **شیخ الإسلام إبن تیمیە**(ڕەحمەتی خوای لێبێت)لەالفتاوی(1\149) لە

---

[25] - **كۆڕا** ( **الإجماع** ) : لە زمانەوانیدا بەواتای مەبەست و نیاز یاخود پێكهاتن دێت ، بۆ واتای یەكەمی بەڵگە لەسەری فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) كە دەفەرمووێت : { **لا صیام لمن لم یجمع الصیام من اللیل** } رواە النسائي (4\196) وە بەڵگە بۆ دووەمیان ، خوای گەورە دەفەرمووێت : {فَأَجْمِعُوا أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءَكُمْ } الیونس :71

وە لە شەرعدا : بریتی یە لە رێكەوتنی ( موجتەهیدانی ) ئوممەتی ئیسلام لە سەردەمێك لە سەردەمەكاندا لەسەر حوكمێكی شەرعی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر ( ﷺ ) بە بەڵگەی { **لا تجتمع هذە الأمة علی الضلالة** ... } بەڵام هەندێك لە زانایان ئینكاری ( الإجماع ) دەكەن وەك : إمام أحمد لە ریوایەتێكدا ، ( الشوكانی ) و ( الظاهریة ) ، وە ووتویانە كۆڕا تەنها كۆڕای سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەرە ( ﷺ ) .

وەلأمدانەوەی (العزبن عبدالسلام)دا دەفەرمووێت: {ئەو کەسەی کە ڕێبازی **پێشین** دەردەخات و نیشانی دەدات عەیب بار نابێت، با لایەنگیری ئەو ڕێبازەش بێت ، بەڵکو دەبێت لێی قەبووڵ بکرێت **بەیەك دەنگی و بەبێ جیاوازی** چونکە بەدڵیانیەوە تەنها ڕێباز و ڕێگەی **پێشین** لەسەر حەقە ، ئەگەر ئەو کەسە ڕووکاری دەرەوەی واتە ووتەو کرداری وەك ناخی وابێت (لە دڵیدا باوەڕی پێبێت) ، ئەوا لە پلەی ئیماندارێکدایە کە لە ناخی و ڕووکاری دەرەوەیدا لەسەر حەقە ، بەلأم ئەگەر تەنها لە ڕووکاردا وابێت ،ئەوا ئەو کەسە لە پلەی کەسێکی دوو ڕوودایە ، بەچاکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت بەپێی ڕووکەشی دەرەوەی ، وە ئەوەشی لە ناخیدا هەیە حەواڵە بەخوا دەکرێت ، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو

موسوڵمان داوامان لێ نەکراوە کە دڵی خەڵکی لەت بکەین و تاوتوێی بکەین تا بزانین چی تێدایە} [26] .

**بەکارهێنانی زاراوەی سەلەفی لەلایەن پێشەوا (السمعانی) لە کتێبەکەی دا**

(السمعاني) کە لە ساڵی(562)ی کۆچی وەفاتی کردووە لە کتێبی(الأنساب)دا (273\3)دا دەفەرمووێت: {السلفي:لە ڕێزماندا بەشێوەی (**السَلَفي**) ئەم ووشەیە نیسبەتە بۆ لای **پێشین** بەو شێوەی کە لە **پێشینم** بیستووە هەروەها (إبن الأثير)کە لە ساڵی(630)ی کۆچی وەفاتی کردووە لە دوای ووتەکەی (السمعانی) کە پێشتر باسمان کرد

---

[26] – تبصير الخلف بشرعية الإنتساب إلى السلف .

دەفەرموویت:هەر ئەم ووشەیە واتە:**سەلەفی** ئەهلی جەماعەی پیٚناسراوە[27] .

## زانایان و پیاو چاکانی ئەم ئوممەتە بە کەسانیٚکی سەلەفی ناسراوو بوون هەروەك پیٚشەوا (الذهبي) ئاماژەی پیٚداوە

📖 **پیٚشەوا الذهبي** لە باسی ژیاننامەی (الحافظ أحمد بن محمد ناسراو بە أبي طاهر السلفي)دا دەفەرموویت : ووشەی السلفي بەم شیٚوەیە

---

[27] – مەبەستی ئەو فەرموودەی پیٚغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرموویت : {**إفترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، و إفترقت النصارى على إثنين وسبعين فرقة ، وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، كلها في النار إلا واحدة )) قالو : من هي يا رسول الله ؟ قال (( الجماعة ))**} أخرجه إبن ماجه (3992) و إبن أبي عاصم في السنة (1\329) برقم (63) و الطبراني في الكبير (18\7) و اللالكائي في شرح أصول إعتقاد أهل السنة (1\101) . قال الألباني في سلسلة الصحيحة برقم (1492) و هذا إسناد جيد .

{**السَلَفي**} بە یەکێك دەوترێت کە لەسەر ڕێبازی **پێشین** بێت [28].

📖 لە ژیاننامەی(محمد بن محمد البهراني)دا دەفەرمووێت:(پیـــاوێکی خاوەن ئاین و بـــاش بوو، وە کەسێکی **سەلەفی** بوو [29]).

📖 لە باسی ژیاننامەی ( أحمد بن أحمد بن نعمة المقدسي)دا دەفەرمووێت : ( لەسەر بیروباوەڕی (سلف) **پێشین** بوو ) [30] .

📖 هەر لە کتێبی (السیر) [31] دەفەرمووێت : (لە دار القطني یەوە دەگێڕنەوە دەیفەرموو : **هیچ شتێك نیـیە ئەوەندەی (علم الکلام) ڕقم لێ بێت . منیش دەڵێم :

---

[28]– { السیر (21\6) } .
[29]– { معجم الشیوخ (2\280) } .
[30] – { معجم الشیوخ (1\34) } .
[31]- (16\457)

(بەهیچ شێوەیەك ئەم پیاوە بەڕێزە تێکەڵ بەو زانستە نەبووە و سەرکێشی نەکردووە تێیدا بەڵکو کەسێکی **سەلەفی** بووە . )

📖 لە باسی ژیاننامەی(إبن الصلاح)دا دەفەرمووێت:(پیاوێکی **سەلەفی** بوو، بیروباوەڕی پاك بوو، دوور بوو لە لێکدانەوەی ئەهلی کەلام)[32] .

📖 هەروەها لە باسی ژیانی (الفسَوي)دا دەفەرمووێت:(ئەوەی کە دەیزانین دەربارەی یعقوب الفسوي، ئەوەیە کە پیاوێکی **سەلەفی** بووە)[33] .

📖 دەربارەی ژیانی (إبن المجد) دەفەرمووێت : (پیاوێکی باوەڕپێکراو و جێی متمانە بوو ، لەگەڵ

---

32-{ تذكرة الحافظ (4\1431) }

33 – { السير (20\317) }

ئەوەی کە زیرەك بوو کەسایەتی‌یەکی **سەلەفی** لەخوا ترس بوو)[34] .

📖دەربارەی ژیاننامەی ( یحیا بن إسحاق) دەفەرمووێت:(کەسێکی شارەزابوو لە مەزهەبەکاندا و خۆبەکەم زان و باش بوو لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی هەڵسوکەوت جوان و **سەلەفی** بوو)[35] .

## بەکارهێنانی ووشەی سەلەفیەت لە کتێبەکانی شیخ الإسلام إبن تیمیە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

📖 لە کتێبی (( درء التعارض )) (356\5) دەفەرمووێت : { هەرکەسێك پشت بکات لە ڕێگەی **پێشین** ( **سلف** ) کە ڕێگەی پێغەمبەرایەتی و شەرعیی

34-{ السیر ( 118\23 ) }

35 – { معجم الشیوخ (957) }

خوای یە ، ئەوا گومانی تیۆدا نیۆیە کە هەر دەبێت گومڕابێت و لەناو بچێت} .

📖 لە کتێبی((بیان تلبیس الجهمية))(122\1) دەفەرمووێت:{أبو عبدالله الرازي کابرایەکە سیفاتی جەهمیۆیەکانی[36] تیۆدایە زۆر بەڕوونی ، هەربۆیە زیاتر

---

36 – **الجهميه** : (کۆمەڵێکن پەیدابوون و بڵاو بوونەوە لە کۆتـای یـەکانی سـەردەمی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی (بـني أميـە) واتـە ئوومەوییـەکان ، نیسبەتیان بۆ لای (جهم بن صفوان الترمذي)یە وە بیروباوەڕو مەزهەبیان بریتیۆیە لە نەفی کردنی هەموو ناو سیفاتەکانی خوای گەورە واتە دەڵێن خوا نەناوی هەیەو نە سیفەت ، هەروەها سـەر بـە هـەردوو تـاقمی (غـلاة المرجئة و الجبرية)ن.

مەیلی بەلای ( الدهرية ) [37] دا دەڕوات وەك لەوەی مەیلی بڕوات بەلای (**سەلەفیەت**)...}.

📖 له (( الفتاوى )) (26\5) دەفەرمووێت:(چاك بزانە کە لە عەقڵێکی ساغ و تەواوداو لەو دینەی کە بە صەحیحی هاتووە و پێمان گەیشتووە شتێکی تیّدا نی یە کە ببێتە هۆی پێچەوانەکردنی ڕێگای **پێشین** }.

📖 له (( الفتاوى )) (349\12) دەفەرمووێت: {هەر لەبەر ئەوەشە ڕێگای پێغەمبەرایەتی **پێشینی** وا ئەخوازێت کە لەو زانستانەی پەیوەندی بەخوای

[37] – **الدهرية** : ( تاقمێکن لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبباسی یەکاندا بڵاوبوونەوە و ئەم تاقمە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی یەکاندان ، شوێن کەوتوانی ئەم گروپە نکۆڵی خوای گەورەو ئاین دەکەن) .

گەورەوە هەیە چاكترین پێوەر بەكاربهێنین هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: {**ولله المثل الأعلى**}.

📖 لە (( الفتاوی )) (16\471) دەفەرمووێت :

{ئەشعەری یەكان و هاووێنەكانیان ئەكەونە پلەیەكەوە لە نێوان **پێشین** و جەهمی‌یەكاندا ، واتە نەبەشوێن كەوتوانی **پێشین** حساب دەكرێن وە نەبە جەهمیش، چونكە ئەشعەری یەكان لە بیروباوەڕیاندا هەندێك بیروباوەڕی ڕاست و ڕەوانیان لە **پێشین** وەرگرتووە لە جەهمیەكانیش هەندێك بنەمای عەقلّی ، بەگومانی خۆیان بەتەواویان زانیوە ، بەلاّم لە ڕاستی‌دا ئەو بنەمایانە بیّكەلك و پوچن . هەربۆیە خەلّكی وا هەیە دەبێت بە ئەشعەری بەهۆی لایەنە **سەلەفی یەكەیانەوە** ، هەندێكی تر دەبێت بە ئەشعەری بەهۆی لایەنە جەهمی‌یەكەیانەوە كە ئەهلی بیدەعن}.

📖 لە (( الفتاوی )) (177\33) دەفەرموویت :

{وە بەلاّم **سەلەفیەت** بەو شێوەی کە (الخطابي و أبوبکر الخطیب ) باسیان کردووە دەفەرموون : ڕێبازی **سەلەف** ئەوەیە کە ئەو ئایەت و فەرموودانەی دەربارەی سیفاتەکانی خوای گەورە هاتووە وەکو خۆی باس بکرێت لەگەڵ دوورکەوتنەوە و قەدەغەکردنی باسی چۆنیەتی و شێوەی سیفەتەکانی خوای گەورە (**نفي التكييف و التشبيه** ) هەربۆیە نابێت بوترێ واتای دەست بریتیەیە لە تواناو دەسەلاّت یاخود بیستنی خوا زانستی خوایە چونکە قسەکردن دەربارەی سیفاتی خوای گەورە بەشێکە لە قسە کردن لەسەر زاتی خوای گەورە...} .

📖 لە (( درء التعارض )) (249\1) دەفەرموویت:

{ئەوەی کە زانراوە لە ووتەی ئەوانەی کە دەڵێن خوا

لە ڕۆژی دوایدا نابینرێ و ئەڵێن خوای گەورە قسە کردنی نییە بەڵکو قسەکانی دروست دەکات لە غەیری خۆیداو بەلگەشیان بۆ نەفی کردنی ئەم شتانە ئەوەیە کە ئەگەر وانەڵێین ئەوا خوای گەورەیان کردووە بە (جسمێك) واتە وەکو مرۆڤەکان ، ئەوا گومانی تێدا نی یە کە بەم بیروباوەڕەیان پێچەوانەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) وکۆڕای **سەلەفیان** کردووە}[38] .

[38] – تبصير الخلف بشرعية الإنتساب إلى السلف .

**نیشانەی ئەهلی بیدەع بریتی یە لە {ڕق لێ بوونیان لە خۆدانە پاڵ پێشین (السلف)}**

**شیخ الإسلام إبن تیمیه**[39] ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە (( الفتاوی )) (4\155) دا دەفەرمووێت: {نیشانەی ئەهلی بیدەع بریتی‌یە لە وازهێنان لە شوێن کەوتنی پەیڕەو ڕێبازی **پێشین**}.

---

[39]– هو شیخ الإسلام الإمام المجتهد تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام بن عبدالله بن تيميه الحراني الحنبلي ، لە (حران) لە دایك بووە ، ڕۆژی دووشەمە دەی ربیع الأول ساڵی (661)ی کۆچی . لە ساڵی (726)ی کۆچی دەست گیر کراوەو لە ساڵی (728)ی کۆچی نەخۆش کەوتو زیاتر لە بیست ڕۆژ بەو نەخۆشی‌یەوە مایەوە هەتا لە پارشێودا ، شەوی دووشەممە لە بیستی ذي القعدة ی ساڵی (728)ی کۆچی وەفاتی کرد لە ناو سجنەکەی‌دا . (رحمه الله رحمة واسعة وأسكنه في فسيح جناته) .

بێ گومان ئەمڕۆ یەكێك نابینیت لە ئەهلی بیدەع ئیللا ڕقی لە سەلەفیەتەو پێی ناخۆشە خۆی بداتە پاڵ پێشینی ئوممەت ، بەتایبەت ئەوانەی لایەنگری ئەو كۆمەڵ و تاقمە تازانەن كە ئەمڕۆ بوونیان هەیەو دژایەتی ئەهلی سوننەو جەماعە دەكەن .[40]

## تایبەت مەندی یەكانی پێشین

**شیخ الإسلام إبن تیمیە** ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە كتێبی (( **العقیدة الواسطیة** )) دا كۆمەڵێك تایبەت مەندی ڕێبازی پێشینی باس كردووە بەكورتی و منیش بۆ زیاتر سوود وەرگرتن درێژەیەكم پێداوە .

---

40 – تبصیر الخلف بشرعیة الإنتساب إلى السلف .

ئەهلی سوننەوجەماعە ( سەلەفی یەکان ) وەکو(**خەواریج**)[41] نین تەنها بە گوناهێ خوێنی موسوڵمانان حەلاڵ بکەن.

( **وەعیدی** )یە نین، هەتا بڵێن ئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجام بدات ( بێجگە لە شیرك ) وە تەوبەی لێ

---

41 – **الخوارج** : ئەوانەن کە یاخی بوون و دەرچوون لە ژێر حوکمی (علی کوڕی ئەبوطالب) (خوا لێی ڕازی بێت) ، کاتێك کە ڕازی بوو بەوەی کە (أبو موسى الأشعري) بکات بە حەکەم و ( موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) (خوا لێی ڕازی بێت) (عمرو بن العاص) بکات بە حەکەم لە نێوان یەکتریدا ئەوە بوو ئەم تاقمە کۆبوونەوە لە (حروراء) کە شارێکە لە نزیك (کوفە) بەدووری دوو میل ، پێشیان دەوترێت (حروري) . لە دیارترین گومڕاییان ئەوەیە ، خەڵکی بەکافر دادەنێن بەئەنجام دانی تاوانەگەورەکان بێجگە لە هاوەڵ پەیداکردن ، ئەگەر ئەو کەسەی کە تاوانەکە دەکات بە حەلاڵیشی نەزانێت .

نەکات و بمرێ ، بە بەردەوامی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە .

( **رافیضه** )[42] نین ، هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە کافر و هەڵگەڕاوە لە دین بزانن .

هەروەها ( **موعتەزیلە** )[43] نین ، گۆڕانکاری و لێکدانەوەی نابەجێ بۆ سیفاتەکانی خوا دابنێن.

---

[42]– **رافِضَة** : یەکێکن لە تاقمە ڕۆچ و گومڕاکانی شیعە ، ڕەفزی (زەیدی کوڕی علی کوڕی حوسەین ) یان کرد و بارەگاکەیان لە کوفە بوو.

[43]– **معتَزلة** : بریتین لە شوێن کەوتوانی (واصل بن عطاء) وە پێیان ئەوترێ (گۆشەگیرەکان) چونکە (واصل)ی مامۆستایان دوورکەوتەوە لە (حەسەنی بەصری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) . وە لە مەجلیسیدا دانەدەنیشت و گۆشە گیر بوو ، لەناوو سیفەتەکانی خوای گەورەدا (جەهمین) و دەربارەی قەدەر بۆچونیان وەکو (قەدەرییەکانە) ، و هەروەها ئینکاری بینینی خوا دەکەن لە لایەن ئیماندارانەوە ، هەروەها عەقڵی خۆیان پێش ووتەی خواو پێغەمبەرەکەی دەخەن ( ﷺ ) .

- خوای گەورە بەهیچ کام لە دروست کراوەکانی خۆی ناچوێنن وەکو ( **موشەبیهە** )[44] .
- ( **تَعطیلی** ) ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە ناکەن وەکو ( **جەهمی یەکان** ) .
- ( **جەبری یە**)نین، هەتا بلێن بەندەکانی خوا هیچ ویست و توانایەکیان نی یە بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی فەرمانەکانی و دوور کەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی بەڵکو بەناچاری ئەو کارانە دەکەن.

---

[44] – **الْمُشَبِهَ** : ئەمان پێچەوانەی ( جەهمی یەکانن ) لە ناوو سیفاتەکانی خوادا،هەربۆیە دەڵێن خوای گەورە دەستی هەیە کە هەر وەکو دەستی دروست کراوەکانی یەتی ، بەهەمان شێوە سیفەتەکانی تری خوای گەورە دەشوبهێنن بە دروست کراوەکانی ، وەپێشیان دەوتریٚ ( المجسمه ) .

(**قەدەرییە**)[45] نین، هەتا نكۆڵی قەدەر بكەن و بڵێن كردەوەی بەندەكان بەقەدەری خوا نییە و خۆیان دروست كەری كردەوەكانی خۆیانن .

(**مورجیئە**)نین،هەتا بڵێن ئیمان تەنها بریتییە لە باوەڕهێنان لە دڵ داو ، وە كردەوەی چاك یان خراپ هیچ پەیوەندی بە ئیمانەوە نییە .

(**ئەشعەری**)نین،نەفیی هەندێك لە سیفاتەكانی خوا بكەن و دان بە هەندێكیدا بنێن.

---

[45] – **القدرية** : شوێن كەوتوانی ( معبد الجهني و غيلان الدمشقي )ن ، ئینكاری قەدەر دەكەن و دەڵێن خوا هیچی لە قەدەردا نەنووسیوە و بوونی قەدەر بەدرۆ دەزانن ، دەڵێن زانستی خوا بەڕووداوەكان بوونی نییە هەتا ڕوو نەدەن ، وە بەندە خۆی كرداری خۆی دروست دەكات .

**صۆفی**[46] **وشێخ پەرست** و **قەبر پەرست** نین و حزب و گروپێکی تازە نین و دینێکی تازەیان نەهێناوە و شوێن کەوتوی قورئان و فەرموودەن بە تێگەیشتنی پێشینی چاك، خەریکی کورسی و حزبایەتی و ماڵی دونیا و

---

[46] – **الصوفية** : **شيخ الإسلام إبن تيميه** ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە ((الفتاوى )) (11\6) دەفەرموویت:{ووشەی صۆفی ئەگەڕێتەوە بۆ جۆرە جل و بەرگێك پێی ئەوترێ خوری (صوف) وە یەکەم جار ئەم تاقمە لە بەصرە دەرکەوتن ، وە یەکەم کەس کە شوێنی عیبادەتی دروست کرد بۆ صۆفیەکان ، هاوڕێکانی (عبدالواحد بن زيد) بوون کە یەکێك بوو لە هاوەڵانی (حەسەنی بەصری) . ئەم تاقمە ڕۆچوو بوون لە دونیا نەویستی و خواپەرستی و ترسان لە خوا ....، لە دوایدا چەندەها بیدعەو شیرك و ڕافەت تێکەڵی بیروباوەڕ و خوا پەرستیان بوو . } ئەمانیش یەکێکن لەو گروپانەی گومڕا بوون و هەڕەشەی چوونە ناو ئاگری دۆزەخیان لەسەرە ، وە لە دیارترینی صۆفیەکان : إبن عربی گومڕا و حەللاجی زندیق کە بە کافری کوژرا و هەروەها إبن سبعين و إبن عجيبه ... چەندەها سەری گومڕاکەری تر.

خەڵك لەخۆ كۆكردنەوە نین، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، وە خەریكی ئەمیرایەتی و بەیعەت و كاری تێكدەرانە نین و باوەڕیان بە ترساندن و تۆقاندن نی‌یە دەرباری خەڵكی و هەوڵیش دەدەن بۆ بلاّوكردنەوەی بیروباوەڕی پاكو ئاگاداركردنەوەی خەڵكی لە كوفر و بیدعە و شیرك و خوڕافەت و خەڵكی لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرایەتی پیرۆز پەروەردە دەكەن و كاری سەرەكیان بریتی‌یە لە پەروەردەكردن و پاكتاوكردنی بیروباوەڕ و عیبادەت و موعامەلەی خەڵكی (**التصفية والتربية**) هەتا خەڵكی بگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینی پاكی ئیسلام و بیكەنە دەستوری ژیانیان باوەڕیشیان وایە كە دەسەلاّتێكی ئیسلامی شەرعی بۆ موسوڵمانان لەڕێی تیرۆر و تۆقاندن و تەكفیر و تەقاندنەوەوە نابێت، بەڵكو بە بلاّوكردنەوەی زانستی شەرعی بەسوود و

ئامادەکردنی خەڵکی دەبێت بۆ وەرگرتنی حوکمی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( ﷺ ) بەسنگێکی فراوانەوە.(وەرگێڕ)

## هەڵوێستی زانایانی هاوچەرخی ئەم ئوممەتە دەربارەی بەکارهێنانی ووشەی سەلەفی لەلایەن موسوڵمانانەوە

### سماحة الإمام عبدالعزيز بن باز[47] (رحمه‌الله)

---

47 – هو الشيخ العلامة المحدث الفقيه عبد العزيز بن عبد الله بن عبد الرحمن بن محمد بن عبد الله آل باز . له شاری (الرياض) له دايك بووه له مانگی ذي الحجة ساڵی (1330)ی کۆچی ، وه لـه بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە (27\1\1420)ی کۆچی وەفاتی کرد وە لـه (مسجد الحرام) لـه دوای نوێژی جومعه نوێژی مردووی لەسەر کرا (رحمه الله رحمة واسعة وأسكنه في فسيح جناته) .

پرسیار کرا لە شێخ چی دەڵێیت دەربارەی ئەو کەسانەی کە ناوی خۆیان دەنێن سەلەفی یان (أثري) ئایا ئەو جۆرە ناوانە پاکانە کردن نیە؟

بەڕێزیشیان وەڵامیان دایەوە بەوەی کە (ئەگەر ئەو کەسەی وا دەڵێت ڕاستگۆ بێت لەوەی کە دەڵێت من سەلەفیم یان (أثري) ئەوا هیچ شتێکی تێدانیە و ئاسای یە ، هەروەك چۆن پێشین دەیان ووت فلانەکەس سەلەفیەو فلان (أثري) یە ، بەڵکو ئەوە پاکانەیەکە دەبێت هەبێت و پێویستە)[48] .

هەروەها شێخ (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە ئامۆژگاری کردنی هەندێك قوتابی زانستی شەرعیدا دەیفەرموو : (ئامۆژگاریتان بەوە دەکەم پەیوەندی بکەن بە زانکۆی ئیسلامی لە مەدینەی منەوەرە چونکە زانکۆیەکی

[48] { محاظرة مسجلة بعنوان (( حق المسلم )) 16\1\1413 في الطائف}

سەلەفیيەو قوتابیانی فێری بیروباوەڕی ئەهلی سوننەوجەماعە دەکرێن)[49] .

## لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستە شەرعی یەکان و فەتوادان

پرسیار ئەمەوێت ووشەی پێشین (سلف)م بۆ ڕاڤە بکەن ؟ وە ئایا شوێن کەوتوانی پێشین (السلفیون) کامانەن ؟

وەڵام پێشین : بریتین لە ئەهلی سوننەوجەماعە ، شوێن کەوتوانی ( محمد ) (ﷺ) لە هاوەڵە بەڕێزەکانی ( خوا لێیان ڕازی بێت ) ، هەروەها ئەوانەش کە لەسەر هەمان ڕێباز و ڕچەی ئەوانن هەتا ڕۆژی دوای ، وە کاتێك پێغەمبەر ( ﷺ )پرسیاری

---

49- { الفتاوی 1\98 }

لێکرا دەربارەی کۆمەڵی ڕزگار بووان ، فەرمووی(**هُم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي** )[50] .

واتە : ئەو کۆمەڵەش ئەوانەن کە لەسەر ئەو ڕێگەو بەرنامەیەن کە من و هاوەڵەکانمی لەسەرە ، وە چاك بزانە ئەو ڕێگەیەش تاکە ڕێگەی ڕاستەو ڕەزامەندی خوای پێ بەدەست دێت و ئەتگەیەنێت بە بەهەشت[51] .

پرسیار سەلەفیەت چیەو بۆچونتان چیە دەربارەی سەلەفیەت ؟ .

وەلاَم سەلەفیەت نیسبەتە بۆلای پێشین، وە پێشینیش بریتین لە هاوەڵانی پێغەمبەرو (ﷺ )

---

[50]– أخرجـه الترمـذي (2641) والحـاكم في المـستدرك (1\218) واللالكـائي في شـرح أصـول إعتقـاد أهـل الـسنة (1\99) ، أنظر سلـسلة الصحيحة (203,1492)

[51] – {فتاوى اللجنة الدائمة رقم (6149) (2\164) }

پێشەوایانی ڕێگای هیدایەت ، لە هەرسێ سەردەمەکەی سەرەتای ئیسلام (ڕەزای خوایان لێ بێت) کە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) خۆی شایەتی بۆ داون بەوەی کە سێ سەردەمی پڕ چاکە و خێرە ، وەك دەفەرمووێت: (**خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم**...).[52]

**پێشەوا النووی** دەفەرمووێت: {زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە چاکترین سەدە بریتیە لە سەدەی پێغەمبەر ( ﷺ ) وە بە سەدەی هاوەڵان ناسراوە،وە پێشتر باسمان کرد کە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی هەر موسوڵمانێك پێغەمبەری ( ﷺ ) ببینێ ئەگەر

---

52- رواه البخاري (2651\2652\6428\6429) ومسلم (2533\2535) و ابن ابى عاصم في السنة (1469\1470\1473)

ساتێکیش بێت پێی دەوترێ هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ)، (دەبێت بە ئیمانداریش وەفاتی کردبێ) وە ئەم ڕیوایەتە باسی چاکەیان دەکات بەشێوەیەکی گشتی... **القاضي** دەفەرموویێت: (زانایان جیاوازن لەوەدا کە ئەو سەدەیە چەند ساڵ دەگرێتەوە... بەلأم ئەوەی کە تەواوە ، ئەوەیە کە سەردەمی پیغەمبەر (ﷺ) بە سەدەی یەکەم دەژمێرێت(واتە سەدەی هاوەڵان)، پاشان شوێن کەوتوانی ئەوان (**التابعون**) وە شوێن کەوتوی شوێن کەوتوان (**تابعوهم**)}[53] ، هەروەها ووشەی سەلەفی یەکان کۆکراوەی ووشەی سەلەفە، واتەدرێژەوە بووی شوێن کەوتوانی پێشین، وە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر هەمان ڕێباز و پێڕەوی پێشین دەڕۆن،لە پەیڕەو کردنی قورئان و سوننەت و بانگەواز کردن بۆی و جێبەجێ کردنی

---

[53] –( شرح صحيح مسلم للنووي 6\66).

فەرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی، چونکە پەیڕەو کردنی قورئان و سوننەت و کۆبوونەوە لەسەری کردنی بە ئەهلی سوننەوجەماعە.

و باللە التوفیق وصلی اللە علی نبینا محمد والە وصحبە وسلم[54].

## زانای فەرمووەدناسی هاوچەرخ و باوکی ئازیزمان العلامة محمد ناصرالدین الألباني[55] ( رحمە اللە )

---

[54] - { اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإفتاء ، 1361(1\165)}.

[55] – هو الشيخ الوالد المجدد الإمام المحدث العلامة الفقيه ، ناصر السنة والدين الداعي إلى كتاب الله و السنة الرسول ( ﷺ ) و على منهج السلف الصالح و مؤلف متقن و عالم المتفنن (محمد ناصرالدين بن نوح بن ادم نجاتي) یە لە شاری (ئوشقودەرە) پایتەختی ئەلبانیا لە ساڵی (1332)ی کۆچی بەرامبەر (1914)ی میلادی لەدایك بووە ،

شێخ(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە وەڵامی پرسیارێكدا كە ئەمە دەقەكەیەتی (بۆچی بوترێت سەلەفی؟ ئایا سەلەفیەت بانگەوازێكی حزبیـیە یاخود تیرەگەری یان مەزهەبی؟ یاخود تاقمێكی تازە و پەیدابووە بەناوی ئیسلامەوە)؟

---

هەر بەئەلبانیش نازناوی دەركردووە ، لەكاتی دەسەڵاتی (أحمد زوغو) لە ئەلبانیا بەهۆی باری ناهەمواری موسوڵمانان باوكی ناچار بوو بە خۆی خێزانەكەیەوە ڕوویكاتە سوریا و بەتایبەت دیمەشق ، وە لە دوای پەنجاساڵ شێخ ڕووی كردە عەممان پایتەختی ئوردون ، ژیانی لەوێ بردە سەر هەتا لە ڕۆژی شەممە ، دەمەو خۆر ئاوابوون كە هەشت ڕۆژی مابوو لە مانگی جمادي الاخرة لە ساڵی 1420ی كۆچی بەرامبەر 2\10\1999ی میلادی كۆچی دوای كردوو زیاتر لە پێنج هەزار نوێژ خوێن ، نوێژی مردوویان لەسەر لاشەكەی كرد (رحمه الله رحمة واسعة وأسكنه في فسيح جناته ) .

**وەلاَم** : لە ڕاستیدا ووشەی پێشین ، ووشەیەکی ناسراوە لە زوبانی عەرەبیدا و لە زوبانی شەرعیشدا ، بەلاَم ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە بریتیە لە لایەنە شەرعیەکەی : لە پێغەمبەری خواوە ( ﷺ ) بە سەنەدێکی صەحیح پێمان گەیشتووە کە لەو نەخۆشی یەی تیٚیدا وەفاتی کرد بە خاتوو فاطمة ی کچی فەرموو : (( **فاتقي الله واصبري ونعم السلف أنا لك**))[56] .

واتە : لەخوای گەورە بترسە و دووربکەوەرەوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە لێت ، وە ئارام بگرە لەسەر جیٚبەجیٚ کردنی فەرمانەکانی و ئەو ناڕەحەتیانەی کە لە چارەی نووسیویت ، وە چاکترین

---

[56]–رواه مسلم (2450) .

**پێشینەیەك** بۆ تۆ كە شوێنی بكەویت منم . وە زانایان زۆر جار ووشەی سەلەف بەكاردەهێنن بەشێوەیەك زیاد لەوەی كە لە ژماردن و حساب كردن بێت . وە وەك نمونە هێنانەوە بەسمانە ئەو دێڕەی كە شاعیر وەكو دژایەتی ئەهلی بیدەع بەكاری دەهێنێت وە دەڵێت :

وكل خير في إتباع من سلف          وكل شر في إبتداع من خلف

واتە: هەموو خێر و چاكەیەك لە شوێن كەوتنی پێشیندایە و هەموو خراپە و ناڕەحەتیەك لەو كارانەدایە كە خەڵكانی دوای ئەوان (**خلف**) دروستیان كردووە و زیادیان كردووە بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە . بەڵام لە چەند شوێنێك كەسانێك هەن خۆیان بەخاوەن زانستی شەرعی دەزانن ، نكۆڵی لایەنگیری دەكەن بۆ

پێشین بەگومانی خۆیان دەڵێن ئەو ناوە هیچ بنەمایەکی نیە لە شەرعدا وە دەڵێن (**دروست نیە بۆ موسوڵمان کە بڵێ من سەلەفیم**) وەك ئەوەی بڵێن (**دروست نیە بۆ موسوڵمان بڵێ من پەیڕەوی پێشینی چاك دەکەم لەوەی کە لەسەری بوون لە بیروباوەڕ و خواپەرستی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان**) . گومانی تێ دا نیە ئەم جۆرە نکۆڵیە (ئەگەر ئەو کەسەی دەیڵێت بزانێت مانای چیە) پێویست ئەبێت لەسەری کە بەڕائەتی خۆی بکات لەو ئیسلامەی ڕاستەقینەیە و پێشینی چاك لەسەری بووە ، وە لەسەرو هەمووشیانەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هەروەك لەو فەرموودەیەیدا کە چەندەها کەس لە هاوەڵە بەڕێزەکانی گێڕاویانەتەوە ، وە لە (صەحیحی بوخاری و موسلیمدا) هاتووە دەفەرمووێت: {**خير الناس قرني**

**ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم** } ، كەواتە دروست نىيە بۆ موسوڵمان كە بەڕائەتی خۆی بكات لە لایەنگیری پێشینی چاك ، لە كاتێكدا ئەگەر بەڕائەتی خۆی بكات لەهەر لایەنێكی تر هیچ كەسێك ناتوانێت بەتایبەت كەسانی خاوەن زانستی شەرعی ، حوكمی كوفری بدەن بەسەردا یاخود حوكمی فاسق بوون . وە ئەو كەسەی كە ئینكاری خۆدانە پاڵ پێشینی چاك دەكات ، ئایا خۆی بەشوێن كەوتوی پەیڕەوی یەكێك لە مەزهەبە فیقهىیەكان نازانێت یاخود مەزهەبە بیروباوەڕىیەكان وەك ( **جەهمىیە و ئەشعەرىیە** ) ، ئەو كەسە لەوانەیە ئەشعەری بێت یان **ماتوریدی**[57]

---

[57] – **الماتردية** : تاقمێكن لە تاقمەكانی ئەهلی كەلام ، شوێن كەوتوی (أبومنصور الماتردي)ن وە زیاتر عەقڵی خۆیان پێش قورئان و فەرموودە

یاخود یەکێك بێت لە ئەهلی(**حدیث**) یان **حەنەفی**[58] یاخود **شافعی**[59] و **مالیکی**[60] و **حەنبەلی**[61] ، هەرچەندە شوێن کەوتوانی ئەم چوار پێشەوایە دەچنە ژێر ناوی ئەهلی سوننەوجەماعە ، بەلاَم پەیڕەوکردنی

---

دەخەن بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان نی‌یە لەگەلّ ئەشعەری‌یەکاندا تەنها لە چەند بابەتێکی لاوەکی‌دا نەبێت .

[58] – **الحنفية** : بریتین لە شوێن کەوتوانی ئیمام أبو حنیفە کە ناوی (نعمان بن ثابت)ە ، لە سالّی 150هـ وەفاتی کردووە .

[59] – **الشافعية** : بریتین لە شوێن کەوتوانی ئیمامی شافعی کە ناوی (محمد بن إدريس)ە ، لە سالّی 204هـ وەفاتی کردووە .

[60] – **المالكية** : بریتین لە شوێن کەوتوانی ئیمام (مالك بن أنس) کە لە سالّی 179هـ وەفاتی کردووە .

[61] – **الحنبلية** : بریتین لە شوێن کەوتوانی ئیمام (أحمد بن حنبل) کە لە سالّی 241هـ وەفاتی کردووە .

مەزهەبی ئەشعەری یاخود چوار مەزهەبەکە پەیڕەوی کردنە بۆ کەسانێکی نەپارێزراو لە تاوان کردن (**غیرمعصومین**) بەبیٰگومان ، با ئەو زانایانە تیٰیاندا هەبێت کە زۆربەی فەتواکانی موافیقی قورئان و سوننەت بێت، من نازانم! خۆزگە ئەوانەی ئینکاری لایەنگیری پێشینی چاك دەکەن نکۆڵیان لە شوێن کەوتوانی کەسانێکی نەپارێزراو لە هەڵە بکردایە و بیان ووتایە **دروست نی‌یە بۆ موسوڵمان بڵێت من شافعی مەزهەبم یاخود ئەشعەری مەزهەب** . بەلاٚم موسوڵمانی پەیوەست بوو بە پێشینی چاکەوە دوورە لەوەی کە پەیڕەوی ڕێبازێك بکات کە بکەوێتە هەڵەوە بەشێوەیەکی گشتی ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت لە نیشانەکانی تاقمی ڕزگاربووان ئەوەیە ، پەیوەستن بەوەی کە پێغەمبەری

خواو (ﷺ) هاوەڵە بەرێزەکانی لەسەر بووە ، ئەمەش دوورە لەوەی کە کۆببنەوە لەسەر هەڵە. هەرکەسێك بەڕاستی شوێن پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی بکەوێت ، ئەوا بە دڵنیایی‌یەوە کەسێکی هیدایەت دراوە لە لایەن خوای گەورەوە ، وە گومانی تیّدا نی‌یە کە ناوێکی ڕوون و ئاشکرا و تەواو ئەوەیە کە بڵێی من موسوڵمانێکم پەیڕەوی قورئان و سوننەت دەکەم لەسەر ڕێبازی پێشینی چاکمان وە ئەگەر بتەوێت ئەم ووشانە کورت بکەیتەوە و بەووشەیەك دەری ببڕی ئەوەیە کە بڵێی من **سەلەفیم**[62] .

---

62- { مجلة الأصالة العدد التاسع ، ص : (86-87) } .

## الإمام العلامة الفقيه
## محمد بن صالح العثيمين ( رحمه الله )[63]

لە شەرحی (( **العقيدة الواسطية** )) (1\53-54) دەفەرمووێت كە ئەمە دەقەكەیەتی: {...هەندێك كەس لە هەڵەدان كە دەڵێن ئەهلی سوننەو جەماعە سێ

---

[63] – هو الشيخ الإمام العلامة الفقيه أبو عبدالله محمد بن صالح بن محمد بن عثيمين الوهيبى التميمى ، لـە شـارى ( عنيـزه ) لـە بيـست و حـەوتى مانگى (رمضان) ى پيرۆز لە ساڵى 1347ى كۆچى لـە دايـك بـووە و لـە ساڵى 1421ى كۆچى ڕۆژى چوار شەممە پـانزەى مـانگى ( شـوال ) لـە سەعات پێنج و پەنجا و پێنج دەقيقـە ، پـێش خۆرئـاوابوون لـە تەمـەنى حەفتا و چوار ساڵى تەواو هەژدە ڕۆژدا وەفـاتى كـرد. ( رحمـە الله رحمـة واسعة وأسكنه في فسيح جناته )

بەشن : سەلەفیەکان ، ئەشعەریەکان ، ماتوریدیەکان ، ئەم قسەیە هەڵەیە، لە وەڵامیدا دەڵێین: چۆن هەرسێ کۆمەڵەکە بە ئەهلی سوننەوجەماعە حساب دەکرێن لە کاتێکدا هەرسێکیان جیاوازن لە ناویەکدا !! حەق یەك کۆمەڵە و لەدوای حەق و ڕاستیش تەنها گومڕای هەیە ، چۆن هەرسێکیان ئەهلی سوننەن و هەریەکێکیشیان بەرپەرچی ئەوەی تر دەداتەوە ؟! ئەوە ناگونجێ مەگەر ئەوەی کە بتوانرێت دووشتی پێچەوانەی یەکتر کۆبکرێتەوە . ئەگەر واکرا باشە ئەگینا گومانی تیدا نیە کە یەك کۆمەڵیان بەتەنها ئەهلی سوننەیە ، کامەیانە ؟؟ ئەشعەریەکانن ، ماتوریدیەکانن ، یاخود سەلەفیەکان ؟ ئەڵێین : هەرکەسێك بە سوننەت ڕازی بوو ئەوا ئەهلی سوننەیە ، وە

هەرکەسێك پێچەوانی سوننەتی کرد ، ئەهلی سوننە نی‌یە . پاشان ئێمە دەڵێین پێشین ئەهلی سوننەوجەماعەن وە ئەم وەسف و ناوە بۆ هیچ کۆمەڵێك ڕاست نی‌یە تەنها بۆ پێشین نەبێت ، هەموو ووشە و ناوێکیش دەربڕی واتاکەیەتی ، ئیتر چۆن بە کەسانێك بڵێین ئەهلی سوننە کە دژایەتی و پێچەوانەی سوننەت دەکەن ، بە هەمان شێوە مەحاڵە دەربارەی ئەو سێ کۆمەڵەی کە باسمان کرد بڵێین هەموویان کۆك و تەبان ، تەباییان لە کوێدایە ؟ کەواتە بەدڵنییای یەوە ئەهلی سوننەوجەماعە بریتین لە پێشین و هەموو ئەوانەشی کە لە دوای ئەوان دێن هەتا ڕۆژی دوای ئەگەر لەسەر ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی بوون وە نازناویشیان سەلەفی‌یە .}

۞ هەروەها لە شەرحی ((**العقيدةالسفارينية**))دا لە شریتی ژمارە یەکدا کە تۆمار کراوە دەفەرموویێت:{کێن ئەوانەی کە بەئەهلی (الأثر) دەژمێرێن ؟ بەدڵنییایەوە ئەوانەن کە شوێن کەوتوی ئەو(أثر)ەن کە بۆیان ماوەتەوە ، ئەوانەن کە پەیوەستن بە قورئان و سوننەت و ووتەکانی هاوەڵانی پێغەمبەر ( ﷺ ) وە ئەم وەسف و ناوەش لە هیچ کامێك لە تاقمەکاندا دەرناکەوێت تەنها لە **سەلەفیەکاندا** نەبێت کە پەیوەستن بە ڕێگای پێشینەوە...} .



## العلامة الشيخ
## صالح بن فوزان الفوزان (حفظه الله )

**شێخ صالح** (خوای گەورە بیپارێزێت) لە کتێبی (البیان)دا لە لاپەڕە (133) دا لە وەڵامدانەوەی ئەو قسەیەی (( **البوطي**[64] ))دا کە دەڵێت (سەلەفیەت

[64] – بڕوانە ئەو نووسینەی محمد رمضان البوطي لە کتێبەکەیدا بەناوی (السلفية مرحلة مباركة لا مذهب إسلامي) ئەم کتێبە لە ڕوواڵەتدا

تەنها بریتی‌یە لە ماوەیەکی کاتی) دەفەرمووێت : { لە وەلاّمی ئەم قسەیەدا دەڵێین ئەم جۆرە پێناسەکردنە بۆ سەلەفیەت بەوەی کە ماوەیەکی کاتی‌یە و کۆمەڵێك نین بوونیان هەبێت ، لێکدانەوەیەکی نامۆو بێ مانایە ، ئایا دەربارەی ماوەیەکی کاتی دەوترێت ئەو ماوەیە بریتی‌یە لە سەلەفیەت ؟! ئەم قسەیە هیچ کەسێك نەیوتووە پێشتر ، بەلاّم ئەم ناوە واتە سەلەفیەت بە کۆمەڵێکی باوەڕدار دەوترێت کە ژیاون لە سەرەتاترین و یەکەم سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام ، وە پێڕەوی قورئان و سوننەتیان کردووە و بریتین لە کۆچ کردووان و پشتیوانان ، وە ئەوانەش کە شوێن کەوتوی ئەوانن

---

ڕەحمەت و بەزەیی‌یە بۆ سەلەفی‌یەکان بەلاّم لە ناوەڕۆکەکەیدا ئەزیەت و ناڕەحەتی‌یە بۆ سەر سەلەفی‌یەکان .

بە چاکی . پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفی کردوون و دەفەرمووێت : (**خيركم قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم**) . واتە : چاکترینتان و باشترینتان ئەو باوەڕدارانەن کە لەم سەردەمەی مندا دەژین وە دوای ئەوان سەدەی دووەم کە بە (**تابعون**) ناو دەبرێن ، دوای ئەوانیش سەدەی سێیەم کە بە (**أتباع التابعون**) ناو دەبرێن . ئەم فەرموودەیە وەسفێکە بۆ کۆمەڵێك نەك فەترەیەکی کاتی ، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ)باسی پارچە پارچە بوونی ئوممەتی کرد لە دوایدا دەربارەی هەموویان فەرمووی : {**إنها في النار إلا واحدة**} .

واتە : هەموویان دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە تەنها یەك دانەیان نەبێت[65] .

---

[65] – ئەمــە بەشــێکە لــەو فــەرموودەی پێغەمبــەر ( ﷺ ) کــە دەفەرمووێت : ( **إفترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، وإفترقت النصارى على اثنين وسبعين فرقة و ستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعين فرقة،كلها في النار إلا واحدة** ) **قالو: من هي يا رسول الله ؟ قال** ( **من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي** ) رواه الترمذي في سننه (297\7) من حديث عبدالله بن عمرو وقد رواه غير الترمذي بألفاظ قريبة من هذا وفي بعضها نقص كابن الماجه و غيره ...واتە : جولەکەکان لەناو خۆیاندا پارچە پارچە بوون بۆ حەفتاو یەك تاقم ، وە گاورەکان بەهەمان شێوە دینەکەیان پارچە پارچە کردو بوون بە حەفتاو دوو تاقم ، لەمەو دوا ئەم ئوممەتە (کە ئوممەتی ئیسلامە) جیاوازی و دووبەرەکی تێ دەکەوێت هەتا دەبنە حەفتاو سێ گروپ ، هەرهەموویان دەچنە ئاگری دۆزەخەوە تەنها یەك کۆمەڵیان نەبێت . ) ووتیان : ئەو کۆمەڵە کامەیە ئەی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمووی : ( ئەو کۆمەڵە ئەوانەن کە لەسەر ئەو ڕێباز و پێڕەوەن کە خۆم و هاوەڵانمی لەسەرە لەم ڕۆژەدا واتە ئەوانەی کە شوێن کەوتوی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی

ئەو دانەیەشی بەوە وەسف کردووە کە پێڕەوی مەنهەجی پێشین دەکات و لەسەری دەڕوات ، وە ئەفەرمووێت: (**هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم و أصحابي**) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بە دڵنیایی‌یەوە کۆمەڵێکی سەلەفی هەن لە سەردەمی خۆیدا ژیاون،وە پێشینی ئوممەتن و دوای ئەوانیش کۆمەڵێکی تر دێن شوێن هەمان ڕچە و ڕێباز دەکەون وە چەندەها تاقمی تر هەن دژایەتی ئەم کۆمەڵە دەکەن و بە پێچەوانەی ئەمان هەڵسوکەوت دەکەن،وە هەڕەشەی چوونە ناو ئاگری دۆزەخیان لەسەرە.

---

پێغەمبەری خوان (ﷺ) بە تێگەیشتنی هاوەڵە بەڕێزەکانی کە پێشینەی ئەم ئوممەتەن.

❁ هەروەها شێخ صالح(خوای گەورە بیپارێزێت) لە ووتارێکیدا کە لە(**حوطة سدیر**)لەساڵی 1416ی کۆچیدا بەناونیشانی(التحذیر من البدع) پێش کەشی کرد،لە شریتی دووەمیدا کە تۆمار کراوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاڕاستەی کرا،وە ئەمە دەقەکەیەتی (شێخ صالح بەڕێزتان چی دەڵێن دەربارەی سەلەفیەت ، ئایا سەلەفیەت حزبێکە وەکو هەموو حزبەکان؟ ئایا لایەنگیری بۆ مەنهەجی سەلەفی کارێکی بێزراوە؟ )

لە وەڵامدا فەرمووی: {سەلەفییەکان تاقمی ڕزگار بووانن لە ئاگری دۆزەخ و هەرئەوانیش ئەهلی سوننەوجەماعەن ، وە حزبێك نین لەناو حزبەکاندا کە ئێستا بە (الأحزاب) ناو دەبرێن بەڵکو سەلەفییەکان کۆمەڵێکن لەسەر سوننەت و خاوەن ئاینن... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت:{**لا**

**تزال طائفة من أمتي على الحق ظاهرين لا يضرهم من خذلهم و لا من خالفهم**...}[66] .

واتە:بەردەوام كۆمەڵێك لە ئوممەتەكەم لەسەر حەق دەمێننەوە و دیار و ئاشكران و زاڵن بەسەر دوژمنەكانیاندا و خراپە و ئازاری ئەوانەی كە دژایەتییان دەكەن كاریگەرییان تێناكات.

پێشەوا بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت : ئەو كۆمەڵە كەسە كەسانی خاوەن زانستی شەرعین واتە (**أهل العلم**)، هەروەها پێشەوا إبن حجر لە (فتح الباري) دا دەفەرمووێت : ئیمامی بوخاری دەیفەرموو گوێم لە (علي بن المديني) بوو ئەیفەرموو ئەو كۆمەڵە كەسە ئەهلی فەرموودە ناسانن

---

[66]– كتاب الإمارة \ باب 33 \ ح 1920 شرح صحيح مسلم للنووي .

(**أهل الحديث**)، هەروەها حاكم لە كتێبی (علوم الحديث) بە سەنەدێكی صەحیح دەگێڕێتەوە لە ئیمام أحمد كە دەیفەرموو : ئەگەر فەرمووده ناسان نەبن ، ئەوا نازانم دەبێت كێبن ، هەروەها إبن حجر دەفەرمووێت: (مەرج نیيە ئەم كۆمەڵە هەر هەموويان كۆبووبێتنەوە لە يەك شار و شوێندا، بەڵكو دەگونجێ لە هەندێك وولآت و شاردا هەبن و لە هەندێكی تردا نەبن...)[67] .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) دەفەرمووێت: (**و ستفترق هذه الأمة** ... **الحديث** ) كەواتە سەلەفیيەكان كۆمەڵێكن لەسەر ڕێباز و نەخشەی پێشینن كە

---

[67] –فتح الباري (10\96) ص : (359–361) .

پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) و هاوەڵانی دەگرێتەوە ، وە حزبێك نین لە حزبەکانی ئەمڕۆ بەڵکو کۆمەڵێکی دێرینن هەر لە چەرخی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، وە میرات گری ئەون و بەردەوام لەسەر بەرنامەکەی ئەون و هەمیشە لەسەر حەقن و دیار و ئاشکران هەتا ڕۆژی دوای هەروەك ئاماژەی پێکراوە[68] .

۞ هەروەها پرسیاری لێکرا (خوا بیپارێزێت) ئایا هەر کەسێك ناوی خۆی بنێ سەلەفی بەکەسێکی حزبی لەقەڵەم دەدرێت ؟

---

[68]– مەبەستی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ( ﷺ ) کە باسی کۆمەڵی سەرفرازان دەکات و لە کۆتایییەکەیدا دەفەرموێت : ( **حتى يأتي أمر الله وهم كذلك** ) ، شێخ ألبانی ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت : (مەبەستی بە أمر الله ئەو بایە یە کە هەڵ دەکات و ڕۆحی ئیمانداران لەگەڵ خۆی دەبات ) واتە کاتێك کە هەموو ئیمانداران دەمرن . مختصر صحيح مسلم للمنذري بتحقيق شيخ الألباني ( رحمه الله ) ح(1095) .

لە وەڵامدا فەرمووی : ( خۆ ناونان بە سەلەفی ئەگەر ئەو کەسە بەڕاستی بێت قەیناکات ، بەڵام ئەگەر تەنها بانگەشە کردن بێت واتە بەس بەناو بڵێ من سەلەفیم ، چونکە دروست نیەیە وابڵێیت لە کاتێکدا ئەو لەسەر ڕێباز و ڕێگایەك بێت غەیری ڕێبازی پێشین. بۆ نموونە ئەشعەریەکان ئەڵێن : ئێمە ئەهلی سوننەو جەماعەین ، ئەم بانگەشەیە دوورە لە ڕاستیەوە ، لەبەر ئەوەی ئەوان لەسەر مەنهەجێکن جیاواز لە مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە ، بەهەمان شێوە موعتەزیلەکان بەخۆیان دەڵێن : ئێمەین یەکتاپەرستەکان (**موحدین**) ، ... بەهیچ شێوەیەك بیروباوەڕی ئەهلی سوننە یەك ناگرێ لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەی کە دژیەتی وەك خەواریج و موعتەزیلەکان و ... و حزبیەکان کە ناوئەبرێن بە

(موسوڵمانی هاوچەرخ) ئەو موسوڵمانەی دەیەوێت هەرچی گومڕای خەڵکی ئەم سەردەمە هەیە کۆیبکاتەوە و گرێی بدات لەگەڵ مەنهەجی پێشین ، وە گومانی تیّدا نییە (**کۆتای ئەم ئوممەتە چاك و إصلاح نابێت تەنها بەوە نەبێت کە سەرەتای ئەم ئوممەتەی پێ چاك و إصلاح بووە** ) کە بریتییە لە شوێن کەوتنی قوڕئان و سوننەت بە تێگەیشتنی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) [69] .

**العلامة الشيخ**

**محمد أمان الجامي (رحمه الله)**

---

[69] –{ الأجوبه المفيدة عن اسألة المناهج الجديدة :16 }

لە باسی (**الصفات الإلهية**) لاپەڕە(64-65) دەفەرمووێت:(لەوەی کە باسمان کرد پێشتر ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ووشەی سەلەفیەت بووە بە (إصطلاح)ێکی ناسراو کە بە ڕێگا و ڕێبازی پێشەنگی یەکەم دەوترێ ، هەروەها بەهەموو ئەوانەی کە پەیڕەوییان دەکەن لە وەرگرتنی زانستی شەرعی و شێوازی تێگەیشتنی و سروشتی بانگەواز کردن بۆی ، کەواتە بەکارهێنانی ووشەی سەلەفی بەو شێوە تەنگە نەماوەتەوە وەك ئەوەی لە ماوەیەکی مێژووی دیاری کراودا، بەڵکو دەبێت تێبگەین کە ئەوەی سەلەفیەت دەلالەتی لەسەر دەکات بریتییە لە بەردەوامی، هەروەك بەردەوامی ژیان، وە پێویستە ئەوە بزانین کە تاقمی ڕزگار بووان بریتین لە زانایانی فەرمووده ناس و سوننەت، وە هەرئەوانیش واتە سەلەفییەکان خاوەنی ئەو مەنهەجەن و بەهەمیشەی هەر دەمێننەوە هەتا

ڕۆژی دوای،وەك لە فەرموودەكەی پێغەمبەردا(ﷺ)كە دەفەرمووێت: (**لا تزال طائفة من أمتي... الحديث**) .

## فضيلة الشيخ العلامة
## بكر بن عبدالله أبو زيد ( حفظه الله )

لە كتێبی(حكم الإنتماء)دا دەفەرمووێت:{ئەگەر بوترێ: سەلەف یان سەلەفی‌یەكان یاخود بە ڕێگەی تێگەیشتنیان لە ئیسلام بووترێ سەلەفیەت ، ئەوا لێرەدا نیسبەتە بۆلای پێشینی چاك (السلف الصالح) كە بریتین لە تێكڕای هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوانەی كە بەچاكی شوێن كەوتوی ئەوانن) بێجگە لەوانەی كە لایانداوە لە ڕێگای ڕاست بەهۆی ئارەزووەكانیانەوە ... سەلەفی‌یەكان جێگیر بوون لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرایەتی و نیسبەتیان دراوەتە لای پێشینەی چاكیان ، هەربۆیە پێیان دەوترێ :

پێشین ، پێشینەکان ، وە پێشینەی (**سەلەفی**) ، مەبەستمان لە ووشەی پێشین واتە پێشینی چاك . ئەم ووشەیە لەکاتی بەکارهێنانیدا بە شێوەیەکی گشتی: واتە هەموو ئەوانەی لەسەر ڕێبازی شوێن کەوتنی هاوەڵانن(خوا لێیان ڕازی بێت) ئەگەر ئەو کەسانە لەم سەردەمەشدا بژین ، وە زانایان لەم باسەدا هەمان بۆچونیان هەیە، هەروەها ئەم لایەنگیرییە بۆ پێشین هیچ نەخشە و پلانێکی تیدا نییە کە لە چوارچێوەی قورئان و سوننەت چووبێتە دەرەوە، وە نیسبەتێکە بۆ ساتێکیش جیا نەبووەتەوە لە پێشەنگی یەکەم ، بەڵکو سەلەفییەکان هەر درێژەوەبوی سروشتی پێشینن و لە هەموو کارێکدا بۆلای ئەوان دەگەڕێنەوە. بەڵام هەر کەسێك پێچەوانەی پێشین هەڵس و کەوت بکات ، ئیتر لەژێر هەر ناوو پەردەیەکدا بێت ، بە پێشینی چاك لەقەڵەم نادرێت ئەگەر لە نێوان هاوەڵانی

پێغەمبەریشدا ( ﷺ ) ژیابێت و هاوسەردەمیان بێت} [70] .

## فضيلة الشيخ

## صالح آل الشيخ (حفظه الله)

شێخ (خوای گەورە بیپارێزێت) دەفەرمووێت: (هەر لە كۆنەوە هەتا ئێستا هەموو تاقمێك لە تاقمە گومڕاكان لەناو ئوممەتدا بۆ پتەو كردنی ڕاو بۆچونەكانیان هەندێك ئایەت و فەرمووده دەهێننەوە بە بەڵگە كە لێكدانەوەیان بۆ ئایەت و فەرموودەكان بە شێوازێكی دژوارە لەگەڵ تێگەیشتنی پێشین ، وە ئەم جۆرە كارانە لەناویاندا تەنی‌یەوە و فراوان بوو ، هەتا وای لێهات هەندێكیان حوكمی كوفریان دەدا بەسەر ئەوانی

[70]- حكم الإنتماء ، ص:36 .

تردا و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیان دەکرد بە گژیەکدا، هەموو ئەم کارانەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوانەی کە هەموو تاقمێك بە وویستی خۆی ئایەت و فەرموودەکان لێك دەداتەوە ، بۆیە دەبینین هەموو گروپێکی لادەر لە حەق دەڵێت : ئێمە پەیوەستین بە قورئان و سوننەتەوە و پشت بەو دووانە دەبەستین ، خەڵکانی نەشارەزا و تێنەگەیشتووش سەریان لێ تێك دەچێت و نازانن کامیان لەسەر حەقە . هەربۆیە بۆ ڕزگار بوون و یەکلابوونەوەی ئەو بانگەشانەی گروپە گومڕاکان بانگەشەی بۆ دەکەن پێویستە شوێن ڕێبازی باشترین سەدە بکەوین لە ئیسلامدا کە بریتین لە هاوەڵە بەڕێزەکان ، وە دڵنیا بین لەوەی کە تێگەیشتنی ئەوان لە ئایەت و فەرموودەکان حەقەو تەواوە ، ... هەروەها

لەدوای ئەمانیش شوێن كەوتووانیان بەچاكە ، ئەوانەی ئەو ئاینەیان لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە ( ﷺ ) وەرگرتووە، هەركەسێك لایەنگیری ڕێبازی ئەو هاوەڵە بەڕێزانە بكات لە تێگەیشتنی قورئان و سوننەت كە بە صەحیحی لێیانەوە ڕیوایەت كرابێت لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەگەڵ ئەوەشدا وازی هێنابێت لە ڕاو بۆچونی عەقڵی و تێگەشتنی تازەی كرچ و كاڵی خەڵكی پیَی ئەوترێت كەسێكی سەلەفی ، وە ئەوەشی پێچەوانەی ئەمەبێت كە باسمان كرد پیَی ئەوترێت كەسێكی خەلەفی بیدعەچی[71] . خوێنەری ئازیز ئەوەی ئاماژەمان پیَ كرد هەندێك بوو لە ووتەی

---

71 – معنى الإنتساب إلى السلف و السلفية لشيخ صالح ال الشيخ .

زانایان کە لە کتێبەکانیانەوە وەرمان گرتووە بۆ تۆی ئازیز ، بە هیوای ئەوەی خوای گەورە بیکاتە مایەی سودبەخشین بۆت ، وە دڵنیام لەدوای ئەو ڕوون کردنەوانەی کە پێشکەشت کراوە ، چەمکی سەلەفیەت بە تەواوەتی لات ڕوون بووەتەوە ، وە ئێستا تۆ کەسێکی دەزانی سەلەفیەکان ئەهلی سوننەو جەماعەن و مەنهەجی سەلەفی دەرگای والآیە و جێگای هەموو موسوڵمانێکی تیَدا دەبێتەوە کە شوێن ئەو بەرنامەیە بکەوێت کە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزیوە ، وە دڵنیا بێت کە ئەوەی بەسەو ڕازیش بێت بە ئاینی ئیسلام و پەیوەست بێت بە قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینی چاك ، وە دوور کەوتبێتەوە لە هەواوئارەزووەکان ، هەروەها لە کارە داهێنراوەکان کە خەڵکی پیَ گومڕا بووە . وە هۆگری

کۆمەڵی موسوڵمانان بێت لەگەڵ پێشەواکەیان (ئەگەر هەبوو) ، با خۆشی ناو نەنابێت سەلەفی ، وە ئەگەر تێگەیشتنت بۆ سەلەفیەت و سەلەفی‌یەکان بە شێوەیەکی تر بوو یاخود وا تێیان گەیاندبووی ئەوا ئەو بۆچوونەت ڕاست بکەرەوە و سەلەفی‌یەکان بەو جۆرە بناسە کە باسمان کرد[72] .

## چەند هەڵوێستێکی سەلەفیانە

برای موسوڵمانم بفەرموو هەندێك هەڵوێست و ئاکاری سەلەفیانەت بۆ باس بکەم هەتا فریو نەخۆیت بە ووتەو ئاکاری ئەوانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن و لە ڕاستیشدا دژی ئەو مەنهەجەن ، ئەم چەند ئاکارەی کە باسی دەکەین

---

[72] – تبصير الخلف بشرعية الإنتساب إلى السلف .

جیاکردنەوەیەکە لەنێوان سەلەفی‌یە ڕاستەقینەکان و ئەوانەی پڕوپاگەندەی سەلەفیەت دەکەن[73] .

## سەلەفیەت و پیاوچاکان (الأولیاء)

سەلەفی‌یەکان بێ‌ئەدەب نین لەگەڵ پیاوچاکاندا (**الأولیاء**)ی خاوەن ئیمان و تەقوا ، وە زۆر ڕێزیان لێ دەگرن ، بەڵام زێدەڕەوییان تێدا ناکەن و مافی خوایەتییان نادەنێ و باوەڕیان بەوە نی‌یە کە غەیب زان بن، یاخود دەسەڵاتیان بەسەر بونەوەردا هەبێت ، یاخود قازانج و زەرەریان بەدەست بێت ، وە هاواریان ناکەنێ و نایان کەن بە شەریکی خوا لە داوا لێ کردن و

---

[73] – بۆ زیاتر شارەزابوون لە هەڵوێستی سەلەفی‌یەکان بگەڕێرەوە بۆ (ئەوەیە سەلەفیەت بیناسن) .

نەزر بۆ کردن و ئیعتیقاد پیّ بوون و (حەیوان سەربڕین بۆیان وهانابردن بۆیان...هتد)[74] .

## سەلەفیەت و پێغەمبەری خوا ( ﷺ )

سەلەفی‌یەکان پێغەمبەریان(ﷺ) لە خۆیان خۆشتر دەوێت و باوەڕیان وایە کە پێغەمبەر (ﷺ)بەندەی خوایە و نابێت بەندایەتی بۆ بکرێت (**عبد لا یعبد**) وە نێراوی خوایە و نابێت سەرپێچی بکرێت (**رسول لا یعصی**) لەبەر ئەوە زێدەڕەوی لە پلەو پایەی‌دا ناکەن وەکو ئەوانەی کە زێدەڕەوییان لە حەقی‌دا کردووە و لەگەڵ خوادا هاواری دەکەنێ (**غلو في منزلته**) وە لە هەمان کاتیشدا کەم تەرخەمیش ناکەن لە شوێن کەوتنی سوننەتەکانی وەکو ئەوانەی سوونەت بەکەم دادەنێن یان گاڵتەی پیّ دەکەن_پەنا بەخوا_وە کەم

---

[74] – سەلەفیەت درێژبوونەوەیەکی سروشتی‌ی ئیسلامی پێشینە نەك دینێکی تازە و گروپێکی حزبی .

تەرخەمیشن لە شوێن کەوتنی (**قصروا في متابعته**)وە هەروەها پێشی ناکەون و هیچ جۆرە عیبادەتێك لە خۆیانەوە داناهێنن (**يتبعون ولا يبتدعون**)[75] .

## سەلەفیەت و توندڕەوی

سەلەفیەت توندڕەوێتی و خەڵك تۆقاندن نیـیە وەکو خەڵکی نەشارەزا گومانی ئەوەیان پێ دەبەن ، بە حوکمی ئەوەی ڕیش دەهێڵنەوە و پابەندبوونیان هەیە بە سوننەتەکانی تری پێغەمبەرەوە( ﷺ ) بەڵکو سەلەفیەت میان ڕەوی یە، عەدالەتە و ڕەحمەتە و سەلەفی‌یەکانیش لە پێش هەموو کەس و لایەنێکەوە بەرەنگاری توندڕەوییان کردووە و بەکارێکی ناشەرعی

---

[75] – سەلەفیەت درێژبوونەوەیەکی سروشتی‌ی ئیسلامی پێشینە نەك دینێکی تازە و گروپێکی حزبی .

و زیان بەخشیان داناوە ، وە دیاردەی زێدەڕەوی لە بەکافر دانان و ململانێ لەسەر کورسی دەسەڵات،

---

[76] – ئەوەی کە پاڵی بە سەلەفی‌یەکانەوە نابێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو جۆرە کارانە تەنها بریتی‌یە لە ئاینەکەیان و گوێڕایەڵییان بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی ( ﷺ ) نەك حزبایەتی و سیاسەت و بەرژەوەندی تایبەت وەکو هەموو ئەو حزب و لایەنانەی ئەمڕۆ کە تەنها لەبەر خاتری چوار دەورەکەی ئینکاری ئەو جۆرە کارانە دەکات،دەبینین جارێك کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە بەکارێکی ڕەوا و شەرعی دەزانن و فەتوا بەوە دەدەن کە دروستەو لەلایەکی ترەوە دەڵێن ئەو کارە حەرامە ، هەر ڕۆژەی لەسەر باس و تەوەرەیەکن و خۆشیان نازانن چی دەڵێن ، خۆشیان گومڕا کردووە و خەڵکانێکی ساویلکەش ، وە باشترین نموونە بۆ ئەم ڕاستی‌یە دەبینین ئوسامە بن لادن و مەلا قەرەضاوی و سەلمان بن فەهد ئەل عوّدە و عائیض قەرەنی و سەفەر حەوالی و چەندەها کەسانی تری هاوشێوەیان هەڵدەسن بە حەڵاڵ کردنی ئەو کارانە و بە جیهادێکی شەرعی دەزانن و لەو پێناوەدا چەندەها گەنجی موسوڵمانی کاڵ فامیان کرد بەگژ حوکومەتەکاندا و شەڕ و ئاژاوە و فیتنەیەکی گەورەیان نایەوە و دوایش هەروەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون ، هەروەك کە لە وولاتی جەزائیر ڕوویدا، بەڵام زۆر بەداخەوە لای زۆرێك لەوانەی کە خۆیان بە سەلەفی دەزانن ئەم جۆرە کەسانەیان بەلاوە زانا

پاشماوە و درێژە پێدانی بۆچونی خەواریجە، نەك سەلەفیەت[77] .

## سەلەفیەت و سیمای موسوڵمانانە

سەلەفیەکان خۆیان ناچووێنن بە کافران لە شێوە و جل و بەرگیاندا چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : ( **من تشبه بقوم فهو منهم**)[78] .

---

و رووناکبیری ئیسلامین و گویّ بۆ فەتوا بەتاڵ و پڕوپوچەکانیان دەگرن و لەولاشەوە زانایانێکی لەخواترس و خاوەن زانستی شەرعی و تێ گەیشتوو وەلا دەنێنن و گویّ بە قسەکانیان نادەن ، بەڵکو زیاد لەوەش بێ ئەدەبی دەکەن بەرامبەریان (إنا لله و إنا إليه راجعون) .

[77] – سەلەفیەت درێژبوونەوەیەکی سروشتیی ئیسلامی پێشینە نەك دینێکی تازە و گروپێکی حزبی .

[78]-أخرجه أبو داود في سننه (4031) و إمام أحمد في مسنده (92\50\2).

واتە : هەر کەسێك خۆی بشوبهێنێ بەهەر قەومێك ئەوا بە یەکێك دەژمێرێت لەو قەومە ، لە ڕۆژی دوایدا لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێت.[79]

## سەلەفیەت و دانووسان [80]

سەلەفی‌یەکان دانیشتن و کۆڕ ، نابەستن لەگەڵ کەسانی ستەم کاردا ئەمە بێجگە لەوەی کە دانیشتن و دانووسانیان نی‌یە لەگەڵ بێ باوەڕان و گومڕایاندا لەبەر ئەوەی خوای گەورە قەدەغەی کردووە لێیان هەروەك دەفەرمووێت : {وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا

---

79 – براءت السلفيه من الفتن و الحزبيه .

80 – بەلاّم دانووسان لەگەڵیان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی مەنهەجی سەلەفی و لێك جیاکردنەوەی سەلەفی‌یەکان لە تەکفیری و حزبی‌یەکان هەتا تەڕو ووشك پێکەوە نەسوتێ ، کارێکی ئاسایی‌یە و پێویستە .

فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنْسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ}[81] .

کاتێك خەڵکانێك دەبینی خۆیان لە ئایەتەکانی خوای گەورە هەڵدەقورتێنن ئەویش بەوەی (قسە بکەن بە پێچەوانەی حەقەوە ، دەست خۆشی و ئافەرین بکەن لە قسەی پڕو پوچ و بانگەواز کردن بۆی، ستایش کردنی ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن، وە پشت هەڵکردن لە حەق و تانە و تەشەردان لەوانەی کە لەسەر حەقن) ، خوای پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات (ﷺ) و پاشان ئوممەتەکەی ، کە ئەگەر ئەو جۆرە کەسانەیان بینی و یەکێك لەو کارانەیان ئەنجام دەدا کە باسمان کرد پشتیان لێ بکەن و ئامادە مەبن لە کۆڕ و دانیشتنەکانیان ، هەتا واز لەو کارەیان دەهێنن ، ئەگەر وازیان هێنا بۆیان

81- الأنعام:68

هەیە دانیشن (**و إما ينسينك الشيطان**) ئەگەر شەیتان لە بیری بردیتەوە و لە كۆڕیاندا دانیشتی (**فلا تقعد بعد الذكرى مع القوم الظالمين**) ئەوا كە بیرت كەووتەوە هەستە و ئەویّ بەجیّ بهێڵە ، ئەوانە كەسانێكی ستەم كارن چونكە قسەی پڕو پوچ دەكەن و حەرام دێت بەسەر زوبانیان داو حەرام ئەنجام دەدەن ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو كەسە نەیتوانی بیّ دەنگیان بكات و فەرمانیان پیّ بكات بە چاكە و قەدەغەیان بكات لە قسەی خراپ و حەرام ، دروست نیيە بۆی لەگەڵیان دابنیشیّ بەڵام بە پێچەوانەوە دروستە لەگەڵیان دابنیشیّ و تاوانبار نابێت . كەچی حزبی‌یەكان ئەڵێن ، ئێمە ئامادەین لەگەڵیان دانیشین و ڕێزی ڕاو بۆچونیان دەگرین لەبەر خاتری سیاسەت و گەیشتن بە ئامانجەكانمان !! خوای گەورەش

دەفەرمووێت: { وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ}[82] .

مەیل و ئارەزوتان بەلای ستەم کاران و کافراندا نەچێ، ئەگەر ڕوویان بدەنێ و قایل بن بە ستەم و خراپەیان یاخود ڕازی بوون بەو ستەمەی کە لەسەری هەن (**فتمسكم النار**) سزا ئەدرێن بە ئاگری دۆزەخ[83] .

## سەلەفیەت و کاری هەرەگرنگ

سەلەفی‌یەکان ئەوەی هەمیشە سەرقاڵی کردوون بریتی‌یە لە پاڵاوتەکردنی ئاینی ئیسلام لەوەی کە هاتووەتە ناوی‌یەوە لە بیدعە و خوڕافەت و هاوەڵ پەیداکردن و قسەی بێ مانا ، لەگەڵ پەروەردە کردنی خەڵکی لەسەر ڕەوشتە بەرز و جوانەکان کە لە ئاینی ئیسلامدا هاتووە ، وە هەرئەوەش پیشەی ئەوانە ،

---

[82]– الهود :113

[83] – براءت السلفيه من الفتن و الحزبيه .

حزبی‌یەکان دەڵێن: بێباوەڕەکان گەشتنە سەر مانگ کەچی سەلەفی‌یەکان هەتا ئێستاش هەر باسی جیاوازی بۆچونی زانایان دەکەن دەربارەی دەست نوێژگرتن و نوێژکردن، وە وازیان لەو کارە هێناوە کە گرنگ ترین کارە (**دەسەلات**) لەبەر ئەوەی فیقهی واقیع نازانن[84] !! بەلاّم ئەوەی کە زۆر نامۆیە ئەوەیە ئەو

---

[84] – زانای فەرموودە ناس ( مقبل بن هادي الوادعي ) ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت : { فقه الواقع : بریتی‌یە لە تێگەیشتنی قورئان و سوننەت ، وە دڵنیابوون لەوەی کە ئەو فیتنە و ئاژاوانەی تووشمان دەبێت بەهۆی تاوانەکانی خۆمانەوەیە ... وە هەندێك لە خەڵکانی گێل واگومان دەبەن کە فیقهی واقیع بریتی‌یە لەوەی کەبزانیت لە شاری پاریس چەند شەقام هەیە وە لە قاهیرە چەند شەقام هەیە وە لە ئەمەریکا چەند شەقام هەیە ، ئەگەر جوگرافیا نەزانیت و شارەزا نەبیت ئەوا فیقهی واقیع نازانیت ، بەلاّم چاك بزانە شارەزاترین کەس بە فیقهی واقیع ئەهلی سوننەوجەماعەن لەسەرو هەمووشیانەوە شێخ بن باز و شێخ ألبانی (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ، هەروەها دەڵێن فقە الواقع : بریتی‌یە لەوەی کە گەنجەکانمان بەرەو خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە بەرین یاخود بۆ بیستنی ئیزگەکان _ وە ئێمە شتێك لە خەڵك حەرام

حزبیانە خۆیان هەتا ئێستا نەچوونەتە سەر مانگ وەکو بێ باوەڕەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزاییان نی یە لە دینەکەیاندا و خواپەرستیشیان لەسەر چاوڕۆشنی نیە ، وە ڕێگە بە سەلەفیەکانیش نادەن هەتا ئاینەکەیان فێربکەن و فێریان بکەن خوای گەورە بەو جۆرە بپەرستن کە لە قورئان و سوننەت دا هاتووە[85] .

ناکەین ئەگەر خوای گەورە حەلاڵی کردبێ بەلام گەنجێك کە بەکەڵك دێت بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی بیان بەین بەرەو تەمسیل دەرکردن و پێیان بڵێین ئەوەی نواندن نەزانێت لە تەمسیلدا ، شارەزایی نیە لە ڕووداوەکان ، وە ئەوەی سرووود نەڵێت شارەزای چوار دەوری خۆی نیە ، ... لە کتێبی فضائح و نصائح، لاپەڕە :110-111 .

[85]– براءت السلفيه من الفتن و الحزبيه لشيخ عبدالوهاب بن الخير الأثـري .

## دەرئەنجام

دەرئەنجامەكان لە پێش چاودایە : دەبینین لێبوردەی و بەخشندەی ئیسلامی ڕاستەقینە شێوێندرا و وای كرد كە دوژمنانی ئیسلام بكەونە ناوو ناتۆرە نان لە موسوڵمانان بەوەی كە تیرۆرستن ، ئوصولین[86] توندوتیژن ، كە ئەمانە هەمووی دوورن لە ئاینی ئیسلامەوە . پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: {**المسلم من سلم المسلمون من لسانه و يده** }[87] واتە: چاكترین و باشترین موسوڵمان ئەو كەسەیە كە موسوڵمانان پارێزراو بن لە زوبانی و دەستی ، چونكە ووشەی

---

[86]- **الأصوليين** : لە ڕاستیدا ئەم ناوە جێی ڕێز و ستایشە نەك خراپی و بێزراوی ، وە بەو كەسانە دەوترێت كە پەیوەستن بە دوو بنەماكەی ئیسلام (قورئان و سوننەت) بە تێگەیشتنی پێشین .

[87]-شرح صحيح مسلم للنووي، كتاب الإمان \باب 14\ ح (40، 41، 42).

(**المسلم**) ئەلیف و لامی پێوەیە ئەمەش مانای تەواوێتی و چاکی دەگەیەنێت ، هەروەها هەندێك لە زانایان دەفەرموون : ئازار نەدانی موسوڵمانان بە زوبان و دەست ، نیشانەیە لەسەر موسوڵمانی ئەو کەسە .

پێغەمبەر (ﷺ) ووشەی موسوڵمانی بە (نێر) باس کردووە بەڵام ئافرەتانی موسوڵمانیش دەگرێتەوە، وە لە بەرئەوەی زۆربەی کات ڕووی دەمی لە پیاوان بووە بۆیە ئەو ووشەیەی بەکارهێناوە ، هەروەها لە فەرموودەکەدا باسی دەست و زوبان کراوە لەبەر ئەوەی زۆربەی کارەکان بە زوبان ئەنجام دەدرێت و زوبان دەتوانێت دەربارەی ڕابردوو ئێستا و لەمەو دواش دەور ببینێت وە پاشان باسی دەست دەکات کە بە پلەی دووەم دێت . خوێنەری ئازیز :

ئەوەی کە ئاماژەی پێ کراوە لەم نامیلکەیەدا بریتی‌یە لە ناساندن و پێناسە و هەڵوێستی مەنهەجی سەلەفی و ئاکار و ڕەوشتی سەلەفی‌یەکان بەشێوەیەکی کورت

و پوخت هەتا ئاگاداربیت لەو بۆچون و كەسانەی كە دەیانەوێت ئەو بانگەوازە بشێوێنن ، برای موسوڵمانم ئێستا دەزانی كامە سەلەفیە بە ڕاستی و هەروەها ئەو كارانەش دەزانیت كە سەلەفەیەكانی پێ جیادەبێتەوە لە غەیری سەلەفیەكان . وە هەركەسێك پێچەوانەی ئاكارێك لەم ئاكارانە بجوڵێتەوە و بانگەشەی ئەوە بكات كە سەلەفیە یان لەسەر سوننەتە لەم سێ كەسە زیاتر نیە : یان كەسێكی نەزانە (**جاهل**) ، یان بەهەڵەدا چووە ، یاخود كەسێكی درۆزن و تەڵەكە بازە . پەنا ئەگرین بەخوا لە هەر سێ جۆرەكە ، وە بە پێی ئەو هەموو بەڵگانەی كە باسمان كرد بۆ هەموو كەسێك ڕوون دەبێتەوە كە بەدوای حەقدا دەگەڕێت و حەق وویستە (بەڕائەتی

**سەلەفی لە ئاژاوە و حزبایەتی) وە ئەوەش حەمدو سوپاسی خوای گەورەی دەوێت[88] .**

و صلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه أجمعين و من تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

29\ذي الحجة \1426هجري. 29\1\2006ز ، الأحد

---

[88] – براءت السلفيه من الفتن و الحزبيه ، لشيخ عبدالوهاب بن الخير الأثري .

## پێڕستی بابەتەکان

**بابەت** **ژمارەی لاپەڕە**

🕮 پێشەکی............................................. (3)
🕮پێشەکی چاپی دووەم ..................................(11)
🕮پێناسەیەك بۆ ناسینی زاراوەی سەلەفیەت.............(15)
🕮خۆدانە پاڵ ڕێبازی پێشین...............................(24)
🕮زاراوەی (سەلەف) پێشینەی ئەم ئوممەتە ئاماژەیان پێ داوە ..................................................(28)
🕮زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە دروستە موسوڵمان بڵێ من سەلەفیم...............................................(33)
🕮بەکارهێنانی زاراوەی سەلەفی لە لایەن پێشەوا (السمعانی) لە کتێبەکەی دا...............................................(35)
🕮زانایان و پیاو چاکانی ئەم ئوممەتتە بە کەسانێکی سەلەفی ناسراوو بوون هەروەك پێشەوا (الذهبي) ئاماژەی پێ داوە.....................................................(36)
🕮بەکارهێنانی ووشەی سەلەفیەت لە کتێبەکانی شیخ الإسلام إبن تیمیة................................................(39)

🕮 نیشانەی ئەهلی بیدەع بریتی‌یە لە ڕق لێبوونیان لە خۆدانە پاڵ پێشین (السلف).......................................(45)
🕮 تایبەت مەندی‌یەکانی پێشین.....................(46)
🕮 هەڵوێستی زانایانی هاوچەرخی ئەم ئوممەتە دەربارەی بەکارهێنانی ووشەی سەلەفی لە لایەن موسوڵمانانەوە....(53)
🕮 سماحة الشيخ الإمام الوالد عبدالعزيز بن باز .........(53)
🕮 لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستە شەرعی‌یەکان و فەتوادان...................................................(55)
🕮 زانای فەرموودەناسی هاوچەرخ العلامة محمد ناصرالدين الألباني....................................................(59)
🕮 الإمام الفقيه محمد بن صالح العثيمين................(68)
🕮 العلامة الشيخ صالح بن فوزان الفوزان...............(72)
🕮 العلامة الشيخ محمد أمان الجامي..................(82)
🕮 فضيلة الشيخ العلامة بكر بن عبدالله أبوزيد...........(83)
🕮 فضيلة الشيخ صالح آل الشيخ.......................(85)
🕮 چەند هەڵوێستێکی سەلەفیانە........................(89)
🕮 سەلەفیەت و پیاوچاکان............................(90)

📖 سەلەفیەت و پێغەمبەری خوا (ﷺ)................(91)
📖 سەلەفیەت و توندڕەوی..............................(92)
📖 سەلەفیەت و سیمای موسوڵمانانە...................(94)
📖 سەلەفیەت و دانووسان..............................(95)
📖 سەلەفیەت و کاری هەرەگرنگ.......................(98)
📖 دەرئەنجام...........................................(101)
📖 پێڕستی بابەتەکات................................(105)

لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

بەردەوام بە لەگەڵمان بۆ نوێی بڵاوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com